Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C08

# جێکەوتەکانی ریفراندۆمی ٢٠١٧ لەسەر ناوچە دابڕێنراوەکان ناوچە کوردستانییەکانی پارێزگای دیالە بەنمونە

یاسین ئاشوور جوهر

بەشی جوگرافیا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |

**Keywords**

مادەی (١٤٠) دەستوری عێراق، ناوچە کوردستانییەکانی پارێزگای دیالە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ریفراندۆم، گۆڕینی باری دیموگرافی، پەروەردەو فێرکردن.

**Corresponding Author**

Yasin.ashur@garmian.edu.krd

**پوختە:**

هەرێمی کوردستان لە (٢٥ ئەیلولی ٢٠١٧) ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی ئەنجامدا، بەپێی ئەنجامەکان رێژەی بەشداری (%٧٦) بوو. لە کۆی بەشداربووانی ریفراندۆمەکە (%٩٢.٧٣) بەشداربووان بە بەڵێ و (%٧.٢) بەشداربووان بەنەخێر دەنگیان دابوو. بەڵام ریفراندۆمەکە لێکەوتەی نێگەتیڤی گەورەی بەسەر هەرێمی کوردستاندا هێنا، بەتایبەتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان. ناوچە کوردستانییەکانی پارێزگای دیالە کە لەرووی کارگێڕییەوە ناحیەی جەلەولا و ناحیەی سەعدییەی سەر بە قەزای خانەقین دەگرێتەوە، لەگەڵ قەزای بەلەدروز کە لەناحیەی ناوەند و ناحیەی مەندەلی و ناحیەی قەزانییە پێکهاتووە، هەروەها هەردوو ناحیەی جەبارە و قەرەتەپەی سەربە قەزای کفری دەگرێتەوە،کۆی گشتی رووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکاتە (10250,9)کم2. بۆ دەرخستنی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ریفراندۆمەکە توێژینەوەکە چوار لایەنی گرنگی وەک نمونە وەرگرتووە کە راستەوخۆ پەیوەندی بەبوون و ستراتیژی نەتەوەیی هەیە. ئەوانیش (هەڵبژاردن و دەنگی کورد، لایەنی پەروەردەو فێرکردن، تەعریب و گۆڕینی باری دیموگرافی لەگەڵ لایەنی سەربازی). توێژینەوەکە گەیشتوە بەچەند دەرئەنجامێک لەوانە: کەمبوونەوەی دەنگی دەنگدەرانی کورد لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان کەدوای ریفراندۆمەکە ئەنجامدراون، بەعەرەبکردن و گۆڕینی باری دیموگرافی لە بەرژەوەندی پێکهاتەی عەرەب بەشێوەیەکی بەرچاو و نادەستوری، ناسەقامگیری ئاسایش و کۆچپێکردنی بەزۆری دانیشتوانی کورد لەناوچەکە لەلایەن میلیشیاو گروپەکە چەکدارەکانەوە، هەروەها سەرهەڵدانی قەیرانی خوێندنی بەزمانی کوردی و کەمبوونەوەی رێژەی خوێندکار لە قوتابخانە کوردییەکانی ناوچەکەدا.

## پێشەکی:

ریفراندۆم یەکێکە لەپرەنسیپە سەرەکییەکانی دیموکراسی ناراستەوخۆ، لەهەمان کاتیشدا گونجانێکە لەنێوان دیموکراسی راستەوخۆ و دیموکراسی نوێنەرایەتی. واتە هەوڵێکە بۆ تێپەڕاندنی کەموکورتییەکانی ئەو دوو جۆرە دیموکراسییە. بابەتی ریفراندۆم بابەتێکی گشتییە ئەکرێت بۆ پرۆژەیەکی یاسایی ئاسایی یاخود دەستوری بێت؛ وەک چۆن دەکرێت بۆ بڕیارێکی سیاسی بێت کە لەلایەن دەسەڵاتێک لەدەسەڵاتەکانی سیستەمی سیاسی دەوڵەتەوە دەرچووبێت. مەبەستی سەرکیش لێی بەشداری پێکردنی هاوڵاتیانە لەپرسی فەرمانڕەوایەتیدا.

هەرێمی کوردستان؛ لەدوای روخانی رژێمی پێشووی عێراق وەک قەوارەیەکی یاسایی و دەستووری؛ لەدەستوری هەمیشەیی عێراقدا دانپێدانراو رەوایەتی یاسایی و سیاسیی خۆی وەرگرت، بەڵام ئەم رەوایەتی وەرگرتنە نەبووە هۆی یەکلاییکردنەوەی پرسگەلێکی خاوەن رەهەندی نیشتیمانی وەک ( ناوچە دابڕێنراوەکان ئەوەی لەدەستوری هەمیشەیی عێراقدا بە (١٤٠) ناسراوە، دۆسیەی دەرهێنان و وەبەرهێنان و فرۆشتنی نەوت، هێزی پێشمەرگە).

بەگوێرەی ماددەی (١٤٠) دەستوری عێراق دەبوایە لەساڵی (٢٠٠٧) دا کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان یەکلایی بکرایەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەنجام نەدانی ئەو ڕێکارانەی کە لەمادەکەدا دیاریکرابوو کێشەکە بەهەڵواسراوی مایەوەو تا ئێستاش بەردەوامی هەیە. بە دروستبوونی رێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) لەساڵی (٢٠١٤) داگیرکردنی بەشێکی زۆری ناوچەکانی مادەی (١٤٠)؛ ئەوەندەی دیکە پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان ئاڵۆزتر بوو. لەماوەی جەنگی دژ بە (داعش) هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانی سنوری هەرێمی کوردستان بباتە دوا خاڵی خۆی. بۆ پێدانی شەرعیەتێکی یاسایی- سیاسی (ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم) کە نوێنەری زۆرینەی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی تێدا بوو بڕیاریدا ریفراندۆمی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان لە (٢٥ ئەیلولی ٢٠١٧) ئەنجامبدا.

دوای دوو ڕۆژ لەئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکە واتا لەڕۆژی 27ی ئەیلوولی 2017 کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامە بەراییەکانی بڵاوکردەوە و بەپێی ئەنجامەکان ڕێژەی بەشداری (٧٦%) لە کۆی بەشداربووانی ریفراندۆمەکە لەسەدا (٩٢.٧٣%) بەشداربووان بەبەڵێ و (٧.٢%) بەشداربووان بەنەخێر دەنگیان بەریفراندۆم دابوو. دەرئەنجامی ریفراندۆمەکە نەک سەربەخۆی بۆ هەرێمی کوردستان نەهێنا، بەڵکو چوار ڕۆژ لەدوای ڕێفراندۆمەکە حکومەتی عێراق گەشتە ئاسمانییەکانی لە فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان قەدەغەکرد جگە لەوە داوای لە ئێران و تورکیا کرد سنوورەکانییان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دابخەن و سنوورەکان داخرا.

لە (16 ئۆکتۆبەری 2017) هێزەکانی حەشدی شەعبی وسوپای عێراق سەرجەم ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستانییان کۆنترۆڵکردو لە پارێزگایەک و(١٦) قەزا و (٤٤) ناحیە کۆتاییان بەدەسەڵاتی کورد هێنا.

### ئامانجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لێکەوتەکانی ریفراندۆمەکە لە سەر بارودۆخی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی (پارێزگای دیالە ) ڕوونبکاتەوەو پێشنیاری چارەسەرکردنیشان بخاتە ڕوو.

### کێشەی توێژینەوە:

لەدوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆی کوردستان لە (٢٠١٧/٩/٢٥) ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتیی و ناوچە دابڕێنراوەکانی لەپارێزگای دیالە بەتایبەتی جارێکی دیکە کەوتنەوە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی و شەپۆلێکی دیکەی کۆچپێکردن و تەعریب دەستی پێکردەوە. بەهۆی بارودۆخی تایبەتی ناوچەکەوە لەشوێنەکانی دیکە زیاتر لێکەوتە نێگەتیڤەکانی ریفراندۆمەکەی تیادا بەدەرکەوت. بۆ دەرخستنی ئەو لێکەوتە نێگەتیڤانە توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە بداتەوە:

١- ئایا ریفراندۆمی سەربەخۆی کوردستان لە (٢٠١٧/٩/٢٥) کاریگەری لەسەر هەڵبژاردان و دەنگی کورد لەناوچەکە هەبووە؟

٢- ئایا ریفراندۆمی سەربەخۆی کوردستان لە (٢٠١٧/٩/٢٥) کاریگەری هەبووە لەسەر کەرتی پەروەردەو فێرکردن؟

٣- ئایا ریفراندۆمی سەربەخۆی کوردستان لە (٢٠١٧/٩/٢٥) کاریگەری هەبووە لەسەر گۆڕینی باری دیمۆگرافی هەبووە؟

٤- ئایا ریفراندۆمی سەربەخۆی کوردستان لە (٢٠١٧/٩/٢٥) کاریگەری هەبووە لەسەر لایەنی سەربازی هەبووە؟

### گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەی سەرەکی توێژینەوەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ناوچە دابڕێنراوەکانی پارێزگای دیالە لەدوای ریفراندۆمی سەربەخۆی کوردستان لە (٢٠١٧/٩/٢٥)و نەمانی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم تیایدا لەرووی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی نەتەوەییەوە بەرەو خراپتر رۆیشتووە.

### گرنگی توێژینەوە:

گرنگی توێژنەوەکە لەوەدایە کە دەست دەخاتە سەر لێکەوتە نێگەتیڤەکانی ریفراندۆمی سەربەخۆی کوردستان لە (٢٠١٧/٩/٢٥) لەناوچە دابڕێنراوەکانی پارێزگای دیالە و یەکەمین توێژینەوەی زانستیشە لەسەر بابەتەکە بەتایبەتی کرابێت. پاشان دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیات و کتێبخانەی کوردییە بەسەرچاوەی زانستی لە سەر بابەتەکە.

### میتۆدی توێژینەوە:

بۆ گەیشتن بەئەنجامێکی دروست و شیاو توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی شیکاریی راڤەیی بەستوە. جگە لەو دوو میتۆدە سەردانی مەیدانیی و چاوپێکەوتن لەگەڵ کاربەدەستان و فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەی ناوچەکە بۆ دەستخستنی زانیاری تایبەت شێوازێکی دیکەی کارکردنی توێژەر بووە.

### ناوەڕۆکی توێژینەوە:

توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. تەوەری یەکەم وەک دەروازەیەکی تیۆری بۆ چەمکی ریفراندۆم و ناوچە جیناکۆکەکان بۆ سێ باس دابەشکراوە. بەشی دووەمیش بۆ چوار باس دابەشکراوەو تەرخانکراوە بۆ لێکەوتە نێگەتیڤەکانی ریفراندۆمی (٢٠١٧/٩/٢٥) هەرێمی کوردستان.

کلیلە وشە: مادەی (١٤٠) دەستوری عێراق، ناوچە کوردستانییەکانی پارێزگای دیالە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ریفراندۆم.

## بەشی یەکەم: دەروازەیەکی تیۆری بۆ چەمکی ریفراندۆم و ناوچە جیناکۆکەکان

ریفراندۆم میکانیزمێکی سیاسی- یاساییە بۆ چارەسەرکردنی گرفتگەلێکی ناوخۆیی یاخود دەرەکی دەوڵەت و، ئاماژەیەکی گەورەی دیموکراسیبوونی هەر سیستەمێکی سیاسییە کە پەنای دەباتە بەر. لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین لەپاڵ ڕوونکردنەوەی چەمکی ریفراندۆم؛ ریفراندۆمی سەربەخۆی کوردستان لە (٢٠١٧/٩/٢٥) باس بکەین. ئەمە جگە لەدیاریکردنی سنوری توێژینەوەکەش.

### باسی یەکەم: چەمکی ریفراندۆم و ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە (٢٠١٧/٩/٢٥)

ریفراندۆم زادەی فراوانبوونی پانتاییەکانی بەشداریکردنی هاوڵاتیانە لە پرسە جیاجیاکانی فەرمانڕەوایی. مەبەستی سەرەکی پشت ئەنجامدانی ریفراندۆم گەڕاندنەوەی بەشێک لەو ئیرادەیەیە کە هاوڵاتیان لەکاتی هەڵبژاردندا بەنوێنەرانی خۆیانیان بەخشیوە. زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و فراوانبوونی شارەکان و ئاڵۆزبوونی پرسەکانی فەرمانڕەوایی؛ وایکرد دیموکراسی ڕاستەوخۆ کە لەشارە دەوڵەتییەکانی یۆنانی کۆندا پیادەکرا؛ ئەستەم بێت. چیتر نەدەکرا هەموو دانیشتوان لەشوێنێکدا کۆبکرێنەوەو دەنگیان وەربگیرێ بەناچاری بیر لە داهێنانی شێوازێکی دیکە کرایەوە کە بتوانێت هەم ئیرادەی گەل بەرجەستە بکات و هەمیش کێشەکانی فەرمانڕەوایی چارەسەر بکات. لەمەدا دیموکراسی ناراستەوخۆ بو بە باشترین ئەلتەرناتیڤ و توانی بەجۆرێک لەجۆرەکانی مافی هاوڵاتیان لە ئیدارەدانی پایەکانی دەوڵەتدا مسۆگەر بکات. لەدیموکراسی نا ڕاستەوخۆدا یاخود دیموکراسی نوێنەرایەتی؛ هاوڵاتیان لەرێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە نوێنەرەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن، کاتێکیش ئەو نوێنەرانە دەچنە پەرلەمان و پۆستی حوکمی باڵا وەردەگرن مانای ئەوە نیە کە ئیدی تەواو ئازادن لەوەی چۆن هەڵسوکەوت دەکەن و یاسا دادەڕێژن، بەڵکو هاوڵاتیان بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بەشێک لەو مافەیان دەپارێزن وەک مافی چاودێریکردن و تەنانەت دوورخستنەوەشیان ئەگەر پێویستی کرد. لەکاتی دارشتنی پرۆژە یاسایەک یاخود دەرچووواندنی لەلایەن نوێنەرانی گەلەوە؛ لەبەرامبەردا گەل مافی ڕەتکردنەوەی هەیە ئەگەر بەجۆرێک بێت لەگەڵ بەرژەوەندییە گشتییەکاندا یەکنەگرێتەوە. ئەمە جگە لەوەی گەل مافی

پێشنیارکردنی پرۆژە یاسای هەیە بۆ نوێنەرانی گەل. بیرۆکەی سەرەکی پشت ئەم پرۆسەیە پرسی (ئیرادە)یە، واتە گەل هەرچەندە لەرێگەی هەڵبژاردنەوە نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێت بۆ نوێنەرایەتی کردنی لە دامەزراوە فەرمییەکانی وڵات، بەڵام دەستبەرداری تەواوی ئیرادەی خۆی نابێت تەنها بەشێک لەو ئیرادەیە نەبێت کە دەسپێردرێت بەنوێنەرانی گەل. هەر لەسەر ئەم بنەمایە؛ لەهەندێک باری دیاریکراودا دەبێت نوێنەرانی گەل بگەڕێنەوە بۆ رای گەل لەرێگەی گشتپرسییەوە (ریفراندۆم). کەواتە ریفراندۆم رێگەیەکی یاسایی دیموکرسییە بۆ پاراستنی ئیرادەی گشتیی و گوزارشتە لە بەشداری گەل لەپرۆسەی ئیدارەدانی پایەکانی فەرمانڕەوایدا.

لەمێژووی نوێدا؛ دەوڵەتی سویسرا یەکەمین دەوڵەتە کە پەنای بردوەتە بەر ریفراندۆم. بەگوێرەی دەستورەکەی کە لە (٢٩ ئایاری ١٨٧٤) دەرچوێنراوە یەکەمین دەوڵەتە پرەنسیپی ریفراندۆمی یاسادانانی چەسپاندوە.[i]

چەمکی ریفراندۆم لە فقهی دەستوریدا بریتییە لە: " خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بۆ گەل تاوەکو بە بەڵێ یاخود بە نەخێر رای خۆی لەبارەیەوە دەربڕێت"[ii]. ئەمەش واتە: " زانینی رای هاوڵاتیان؛ ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لەمەڕ بابەتێکی دیاریکراو پێش ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەبارەیەوە بدرێت"[iii]. لەم دوو پێناسەیەوە ئەوە هەڵدەهێنجێنین کە ریفراندۆم کرۆکی پرۆسەی دیموکراسییە لەو گۆشەنیگایەوە کە گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە وەهەر خۆشی مافی پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتەی هەیە.

زۆرێک لەئەکادیمستەکانی بواری یاسای دەستوری و سیستەمی سیاسی ریفراندۆمیان بۆ چەند جۆرێک دابەشکردووە. لەوانە ریفراندۆمی دەستوری[iv] واتە بڕیاردان لەسەر دەستورێکی نوێ وەک ریفراندۆمی گەلی عێراق لەسەر دەستوری نوێی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥) یان هەموارکردنەوەی دەستور. جۆرێکی دیکە ریفراندۆمی یاسادانانە؛ ئەم جۆرە ریفراندۆمە بۆ یاسایەکی ئاسایی رێکدەخرێت بۆ ئەوەی دەنگدەران دەنگی لەسەر بدەن. ئەگەریش ئەو پرسەی کەدەخرێتە بەردەم دەنگدەران بۆ دەنگدان لەسەری پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەبوو وەک گرێدانی هاوپەیمانی یاخود چوونە ناو هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی ئەوە ریفراندۆمی سیاسییە. بێگومان ئەوەش کاتێک دەبێت کە پرسەکە پرسێکی ئاڵۆزبێت و جێگەی مشتومڕو ناکۆکی لایەنەکانی پێکهێنەری دەسەڵاتی سیاسی بێت. ریفراندۆمی سیاسیش چەند جۆرێکی هەیە کە بەگوێرەی ئەو بابەتەی کەدەخرێتە بەردەم دەنگدەران بۆ دەنگدان لەسەری جیاوازە لەوانە: ١- ریفراندم لەسەر هەڵبژاردنی جۆری سیستەمی فەرمانڕەوایی. ٢- چوونە ناو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانەوە. ٣- زیادکردنی خەرجی گشتی. ٤- مافی چارەی خۆنووسین. ٥- دادوەریی گەل. ٦- دابەشکارییە کارگێرییە لۆکاڵییەکان.[v]

کەواتە دوو جۆری سەرەکی ریفراندۆم هەیە ئەوانیش ریفراندۆمی یاسایی و سیاسیە. ئەوەی لەم توێژینەوەدا گرنگ بێت ریفراندۆمی سیاسییە ولەناوی ئەم جۆرەشدا ریفراندۆمی مافی چارەی خۆنووسینە بەو پێیەی ریفراندۆمی (٢٥- ئەیلولی ٢٠١٧) هەرێمی کوردستان لەم جۆرە ریفراندۆمە بوو لەواقعدا گەر چی هەر زوو ئەنجامدەرانی پرۆسەکە لێی پەشیمانبوونەوە.

پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسینی گەلان خاوەن ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەندەو پەیوەستگیەکی توندوتۆڵی بە پرەنسیپەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی هاوچەرخەوە هەیە کەدژی بەکارهێنانی هێزەو چارەسەرکردنی ململانێی وناکۆکییەکانە بەرێگای ئاشتی[vi]. ریفراندۆمی مافی چارەس خۆنوسین لەگرنگترین جۆرەکانی ریفراندۆمی سیاسییە کە لەرێگەیەوە گەلێک سەرپشک دەکرێت لەوەی سەربەخۆبن یاخود لەناو دەوڵەتێکدا بمێننەوە یاخود بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە یەکێتیەکی فیدراڵی پێکبهێنن.

هەڵبەتە مافی چارەی خۆنوسین زۆرێک پێناسەو لێکدانەوەی بۆ کراوە. ئێمە لێرەدا تەنها ئەو پێناسەیە باس دەکەین کە بەلای زۆرێک لەزانایانی بواری یاسای دەستوری و سیستەمی سیاسییەوە لەهەموو پێناسەکانی دیکە شیاوترە کە دەڵێت: " هەموو گەلێک مافی ئەوەی هەیە بەو پەڕی ئازادییەوە بارودۆخی یاسای دەستوری و نێودەوڵەتی خۆی هەیە بەجۆرێک کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا بگونجێت بەگوێرەی ئەو رێوشوێنانەی کە لەگەڵ پێوەرە بنچینەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتیدا بگونجێت"[vii]. گرنگترین پەیماننامەی نێودەوڵەتیش[*] کە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووکانە لە برگەی ( دووەم مادەی یەکەم) و (مادەی پەنجاو پێنج) پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسینی چەسپاندووە[viii]. داواکاری بۆ مافی چارەی خۆنوسین یان بەهۆی ئەوەیە کە نەتەوەیەک یاخود کەمایەتیەک کەزۆرینە لەناو هەرێمێکی دەوڵەتدا پێکدەهێنن لەلایەن نەتەوەی زۆرینەوە دەچەوسێندرێنەوەو لەپیادەکردنی مافە سیاسیی وئابووریی و شارستانیی و کۆمەڵایەتییەکانیان بێبەش دەکرێن. یاخود دەوڵەتێک لەلایەن دەوڵەتێکی دیکەوە داگیربکرێت و بکەوێتە ژێر رکێفی دەوڵەتی داگیرکەرەوە[ix].

مافی چارەی خۆنوسین دوو جۆری سەرەکی هەیە ئەوانیش: مافی چارەی خۆنوسینی دەرەکی واتە جیابوونەوەی لە دەوڵەتی دایک و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. ئەوی تریشیان مافی چارەی خۆنوسینی ناوخۆییە واتە چارەسەرکردنی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان لەناو چوارچێوەی سنوری سیاسی دەوڵەتی دایکدا[x].

لەدەستوری هەمیشەیی عێراقدا (٢٠٠٥) دەقێکی روونی نەداوە لەسەر مافی چارەی خۆنوسین. ئەمەش وایکردووە کە راڤەی جیاواز جیاواز بۆ ئەو مادە دەستورییانە بکرێن کە باسیان لەسەروەریی وئیرادەی گەل و دەستگرتن بەپرەنسیپەکانی دیموکراسییەوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و یەکێتی ئارەزوومەندانە کردووە. بەکورتی ئەوانە دژی مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کوردن لەعێراق لەم روانگەیەوە راڤەی ئەو مادە دەستوریانە دەکەن و ئەوانەشی لایەنگرن ئەوا بەجۆرێکی دیکە لێکدانەوەی بۆ دەکەن [xi].

راڤە دەستورییەکان هەرچی چۆنێک بێت؛ سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان (مەسعود بارزانی) لە (٨ حوزەیرانی ٢٠١٧) فەرمانی هەرێمی دەرکرد بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لە (٢٥ ئەیلولی ٢٠١٧)[xii]. لە(١٥ئەیلولی٢٠١٧)، پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ بەرێوەچوونی ریفراندۆمی پەسند کرد. زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش بەشداربوون لە لیژنەی باڵای ریفراندۆم[xiii]. پاساوی سەرەکی ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەش وەک لە وتاری (٢٦ئەیلولی ٢٠١٧) سەرۆکی هەرێمی ئەو کاتدا هاتووە: کە حکومەتی فیدراڵی پابەندی دەستور نەبووەو مافەکانی گەلی کوردستانی پێشێلکردووە[xiv].

ریفراندۆمەکە لەوادەی خۆیدا لەهەرسێ پارێزگای (هەولێر وسلێمانی و دهۆک و ناوچە دابڕێنراوەکان) ئەنجامدرا. (٤،٥٦١،٢٥٥) کەس مافی دەنگدانیان هەبوو؛ لەو ژمارەیە (٣،٣٠٥،٩٢٥) کەس واتە رێژەی (٧٢،١٦%) بەشداری ریفراندۆمەکەیان کرد و (٢،٨٦١،٤٧١) کەس واتە رێژەی (٩٢،٧٣ %) بە (بەڵێ) دەنگیاندا[xv]. لەبەرئەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنی (٢٠١٧/٩/١٢) بەزۆرینەی دەنگ بە بێ بەشداری نوێنەرە کوردەکان لە سەر

پێشنیاری ڕەتکردنەوەی ریفراندۆمەکە و پابەندکردنی حکومەتی فیدراڵی بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنی سەروەریی و یەکپارچەیی خاکی عێراق و کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی[xvi]؛ هەر زوو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەدانیشتنی رۆژی (٢٠١٧/١٠/٣) بڕیاری راگرتنی هەموو مامەڵەیەکی دارایی و بانکی لەگەڵ هەرێمدا بڕی. دوابەدوای ئەمە کۆمەڵێک بڕیاری دیکەی دژ بەهەرێمی کوردستان لەپای ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە دژ بەهەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی فیدراڵیی و داداگای فیدراڵی عیراقیەوە دەرکرا. لەوانە[xvii]: لەرۆژی (٢٠١٧/٩/٢٤) ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاریدا هەموو دەروازە سنوورییەکان و فرۆکەخانە بخرێنە ژێر رکێف و دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی. لە دانیشتنی رۆژی (٢٠١٧/١٠/٩) ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاردرا بە: ١- جوڵاندنی داوای یاسایی لەلایەن داواکاری گشتییەوە دژ بەو فەرمانبەرانەی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان ئەوانەی کە ریفراندۆمیان کردووە. ٢- کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن بخرێنە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵیی و بارەگا سەرەکییەکانیان بگوازرێنەوە بەغدا.

ئەمە جگە لەوەی دادگای باڵای فیدراڵییش لای خۆیەوە لەرۆژی (١٧ ئەیلولی ٢٠١٧) فەرمانی (وەلائی) ژمارە (٩٤/ فیدراڵی ٢٠١٧)[xviii] دەرکرد تایبەت بە وەستانی ئەنجامدانی ریفراندۆی کوردستان تا ئەوکاتەی بڕیار لەسەر دەستوری بوون یاخود نەبوونی ریفراندۆمەکە دەدرێت. هەروەها لە (٢٠ تشرینی دووەمی ٢٠١٧) دادگاکە بڕیاری (٨٩ و٩١و٩٢و ٩٣ فیدراڵی ٢٠١٧)[xix] بڕیاری نادەستوری بوونی ریفراندۆمەکەی دا بەو پێیەی کە پێچەوانەی مادەکانی دەستوری هەمیشەیی عێراقە.

لەهەمووی قورستر لە رۆژی (٢٠١٧/١٠/١٦) [xx]سوپای عێراق هەموو ناوچە دابڕێنراوەکانی بەکەرکوکشیەوە خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیی و هەموو هێزە کوردیەکانی لێوەدەرنا. بەجۆرێک کە لەماوەیەکی زۆر کەمدا نزیکەی (٥١%) خاکی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم دەرکرا. بەمەش گورزێکی کوشندە بەر ناوچە دابڕێنراوەکان کەوت و دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ناوچانە نەما.

ئەمە جگە لەوەی هەرێمی کوردستان لەرووی پەیوەندییە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانەوە دووچاری قەتیسبوون هات و رادەی پەیوەندییە سیاسیی و دیبلۆماسیی وئابوورییەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو داکشا.

## باسی دووەم: ناوچە جێناکۆکەکان

ناوچە جێناکۆکەکان (المناطق المتنازع علیها) کەزۆرجار بەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیش باسدەکرێت ئەوانەی تایبەتن بەخاکی کوردانەوە؛ یەکێکە لەگرنگترین کێشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم چەمکە لەدوای روخاندنی رژێمی پێشووی عێراق لەساڵی (٢٠٠٣) بەروونی دەرکەوت بۆ وەسفکردنی بارودۆخی کارگێڕیی و سیاسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن. لەرووی کارگێڕییەوە ئەم ناوچانە بەپێچەوانەی بنەما نەتەوەیی و مێژوویی و جوگرافییەکە بەستراون بەناوەندی ئەو پارێزگایانەوە کە لەدەرەوەی ئیدارەی هەرێمن[xxi].

کاتێکیش لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەهەموو پێکهاتە جیاوازییەکانەوە (یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی راگوزەریی ٢٠٠٤)یان دەرکرد کە دواتر بووە بنەمای دەرچواندنی دەستوری هەمیشەیی عێراق؛ مادەی (٥٨) یاساکە تەرخانکرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانەی کە لە سەردەمی رژێمی پێشوودا لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دابڕێندراون و لکێنراون بەپارێزگاکانی دیکەی عێراقەوە.

مادەی (٥٨) (یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی راگوزەریی ٢٠٠٤) لە سێ بڕگەی سەرەکی پێکدێت ئەوانیش[xxii]:

أ- حکومەتی عێراق لەقۆناغی گواستنەوە بەتایبەتی لەگەڵ دەستەی باڵای چارەسەری ناکۆکییەکانی زەویو زار و هەموو لایەنەکانی دیکەی پەیوەندیدار دەبێت بەزوترین کات هەستن بەگرتنبەری رێو شوێنی پێویست بۆ هەڵگرتنی ستەم و زۆرداریەکانی رژێمی پێشوو کەبووە هۆی گۆڕینی بارودۆخی دانیشتوان لەچەند ناوچەیەکی دیاریکراوە لە ناویشیاندا کەرکوک، کە لەرێگەی کۆچپێکردنی بەزۆری دانیشتوانە رەسەکان و نیشتەجێکردنی خەڵکانی بێگانە لەشوێنیان. ئەرکی حکومەتی عێراقە لەقۆناغی گواستنەوە ئەم هەنگاوانە بگرێتە بەر: ١- گەڕانەوەی دانیشتوانە رەسەن و راگوێزراو دورخراو و کۆچپێکراوەکان بۆ سەر ماڵ و موڵکی خۆیان و قەرەبووکردنەوەیان. ٢- سەبارەت بەو کەسانەی بۆ ناوچەی دیاریکراو گواستراونەتەوە ئەرکی حکومەتە بیانگەڕێنێتەوە شوێنی خۆیان و قەربوویان بکاتەوە. ٣- هەموو ئەو بڕیارانەی پەیوەندی بە پاکسازی نەتەوەیی (تصحیح القومی)یەوە هەیە هەڵبوەشێنێتەوە.

ب- ئەم بڕگەیان زۆر پەیوەندی بە ناوەڕۆکی مادەکەوە هەیە چونکە چەختدەکاتەوە سەر چارەسەرکردنی ئەو گۆڕانکارییە کارگێڕیانە کە رژێمی پێشووی عێراق بۆ ئامانجە سیاسییەکانی خۆی ئەنجامیدا. وەک دابڕینی هەر چوار قەزای (چەمچەماڵ، کەلار، دوز خورماتوو، کفری) لەپارێزگای کەرکوک و، دابڕینی قەزای (مەخمور) لەپارێزگای هەولێرو ، گۆڕانکارییەکانی سنوری ئیداری نیوان پارێزگای کەربەلا و ئەنبار.

ج- دواخستنی یەکلاکردنەوەی زەوییە ناکۆکی لەسەرەکان بەکەرکوکیشەوە تا تەواوکردنی رێوشوێنەکانی هەردوو بڕگەی (أ و ب) و ئەنجامدانی سەرژمێری دادپەروەرانەی دانیشتوان تا کاتی پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی.

بەڵام کەمتەرخەمی حکومەتی عێراق و ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسیی و ئەمنی عێراق وایکردن مادەکە لەکاتی خۆیدا جێبەجێنەکرێت. لەداوی ئەمە قۆناغێکی نوێ دەستپێکرد ئەویش پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراق بوو مادەی (١٤٠) دەستورەکە جێگەی مادەی (٥٨) ی (یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی راگوزەریی ٢٠٠٤) گرتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان. مادەی (١٤٠) دەستوری هەمیشەیی عێراق بەشێوەیەکی ورتر دەستنیشانی چارەسەرکردنی ناوچە جێناکۆکانی دیاری کرد[xxiii]. چارەسەرکردنەکەشی کرد بەشێ قوناغ ئەوانیش: قۆناغی ئاسایکردنەوە (التطبیع)، قۆناغی سەرژمێری (الاحصاء)، قۆناغی راپرسی (الاستفتاء) بوو کۆتا وادەی جێبەجێکردنیشی کۆتایی ساڵی (٢٠٠٧) دیاریکرد. بەڵام دیسانەوە ناوەرۆکی مادەکە جێبەجێ نەکراو تاوەکو نوسینی ئەم توێژینەوە نەک چارەسەرنەکراوە بگرە خراپتریش بووەتەوە.

چەمکی ناوچە جێ ناکۆکەکان وەک لە پێناسەی لێژنەی جیبەجێکردنی مادەی (١٤٠) ی دەستوری هەمیشەی عێراقدا (٢٠٠٥) هاتووە[xxiv]: ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە رووبەرووی پێشێلکارییەکانی رژێمی پێشووی عێراق بوونەتەوە کە خۆی دەبینێتەوە لە گۆڕینی باری دیموگرافیی و سیاسەتی تەعریب کردن و باری دانیشتوانی لەرێگەی راگواستن و وەدەرنانەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان و کۆچپێکردنیان و نیشتەجێکردنی کەسانی تر لەجێگەیان و دەستبەسەراگرتنی موڵک و زەویوزاریان و بێبەشکردنیان لەکارکردن لەرێگەی پاکسازی نەتەوەیی یاخود لەرێگەی یاریکردن بە سنوری کارگێڕی ئەو ناوچانە

بەئامانجی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە سیاسیانەی کە ڕژێمی پێشوو هەوڵی بۆ دەدا. ئەو ماوە یاساییەش کە مادەی (١٤٠) دەیگرێتەوە بۆ ناوچە جێناکۆکەکان لەماوەی نێوان (١٧ تەموزی ١٩٦٨ تاوەکو ٩ نیسانی ٢٠٠٣) دەبێت[xxv].

ناوچە جێ ناکۆکەکان بەم شێوەی لای خوارەوە بەسەر پارێزگاکاندا دابەش بووە: بڕوانە نەخشەی ژمارە (١):

١- پارێزگای کەرکوک: بەهەموو قەزا و ناحییەکانییەوە لەناویشیاندا قەزای (داقوق، دووز خورماتوو، چەمچەماڵ، کەلار، کفری، تازە خورماتوو).

٢- پارێزگای نەینەوا: أ: قەزای شەنگال و ناحێکانی (قەیرەوان، سنونی (الشمال). ب- قەزای شێخان وناحێکانی ( باعەدری، فاروق، ئەتروش، مەرێبا (قەسرۆک). ج- قەزای تلکێف وناحێکانی. د- قەزای حەمدانییەو ناحێکانی. هـ- ناحیەی بەعشیقە. و- ناحیەی قەحتانیە سەر بە قەزای بەعاج. ز- قەزای مەخمور و ناحێکانی ( قەراج، کەندیناوا، گوێر، عەدنانیە). ح- ناحیەی زوممارى سەر بەقەزای تەلعەفەر. ط- قەزای ئاکرێ و ناحیەکانی.

٣- پارێزگای دیالە: أ- قەزای خانەقین ناحێکانی (جەلەولا، سەعدیە، مەیدان، قۆرەتوو). ب- قەزای شارەبان و ناحێکانی. ج- قەزای بەلەدروز لەناویشیاندا ناحیەی مەندەلی. د- قەزای بەدرە وناحیەی جەسان.

لەپڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانیشدا کە لە (٢٦ حوزەیرانی ٢٠٠٩)[xxvi] لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرا؛ بە پشت بەستن بە دەق مادەی (١٤٠) دەستوری هەمیشەی عێراق ناوچە جێناکۆکەکانی دیاریکردووە بە پارێزگای کەرکوک و قەزاو ناحێکانی. قەزاکانی ئاکرێ، شێخان، شەنگال، تلکێف، قەرەقوش و ناحێکانی زوممار و بەعشیقەو ئاسکی کەڵەک لە پارێزگای نەینەوا، قەزای خانەقین و مەندەلی لەناحیەی دیالە.

بەتێڕوانین لە دیاری کردنەکانی سەرەوە بۆ ناوچە جێناکۆکەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بەپشت بەستن بەلایەنی نەتەوەیی و مێژوویی هەندێک قەزاو ناحیەی وەک ناوچەی جیناکۆک دیاریکردووە لەکاتێکدا لێژنەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) و حکومەتی فیدراڵی عێراق ئەوانەی دیارینەکردووە. هەرچۆنێک بێت ئەمە هیچ لە ناوەڕۆکی کێشەو گرفتەکانی ناوچە جێناکەکان کەمناکاتەوە.

هەرچەندە بڕیار وابوو کە لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٧) کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان چارەسەربکرێن، بەڵام بەبێ چارەسەر مانەوە. وێڕای ئەوەش لێژنەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) چەندین بڕیاری[xxvii] دەرکرد کەچی نەتوانرا لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێن.

هۆکارەکانی جیبەجێ نەکردنی مادەکە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی سەرەکی لەوانە:


١- ناڕوونی چەند دەستەواژەیەکی ناو مادەکە وەک (ڕاپرسی) کە مادەکە دیارینەکردووە چی جۆرە ڕاپرسیەک ئەنجام بدرێت و پێویستە کێ تیادا بەشداری بکات. ئەمە جگە لەدیاری نەکردنی وردی ناوچە جێناکۆکەکان و ناوهێنانی تەنها (کەرکوک و ناوچەکانی تر) بێ ئەوەی ناوی ناوچەکانی دیکە بەرێت[xxviii].

٢- دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی وڵاتە دراوسێ و هەرێمییەکانی عێراق.

٣- کەمتەرخەمی حکومەتی عێراق و نیازخراپی لەجێبەجێکردنی ناوەڕۆکی مادەکە و بەردەوامیدان بەپرۆسەکانی تەعریب کردن لەلایەن دەسەڵاتە لۆکاڵیی و گروپە ئەتنیکی و مەزهەبییەکانەوە.

٤- کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیدارەدانی دۆسیەی ناوچە دابڕاوەکان لەڕووی سیاسیی و سەربازیی و یاساییەوە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەهیچ هەوڵێک نەدراوە، بەڵکو کاری زۆر کراوە لەسەری بەڵام لەئاستی پێویستدا نەبووە[xxix].

نەخشەی ژمارە (١): ناوچە جێناکۆکەکان




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8)، و بەپشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی گشتی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، ڕوپێوی مەیدان: داتاو زانیاری گشتی ناوچە ناکۆکی لەسەرکان، ٢٠١١.

٥- شکستی (ستیفان دیمستورا) نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەناوەندگیرییەکەیدا بۆ چارەسەرکردن و ئاسایکردنەوەی بارودۆخەکەو کەمکردنەوەی تەنگژە نەتەوەیی ومەزهەبییەکان لەناوچە جێناکۆکەکان[xxx].

٦- ناسەقامگیری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئەمنی لەم ناوچانە کە گرفتگەلێکی گەورەی لەبەردەم هەر هەوڵێکدا دروستکرد بۆ چارەسکردنی کێشەکانی ئەم ناوچانە.

روونە کە جێبەجێ نەکردنی ناوەڕۆکی مادەی (١٤٠) کێشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵیی و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەک چارەسەرنەکرد بەڵکو ئاڵۆزتری کرد ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە سیاسەتی تەعریب کردن و کۆچپێکردن و دەستگرتن بەسەر ماڵ زەویوزاری کوردانی نیشتەجێبووی ناوچە جێناکۆکەکان تارادەیەکی مەترسیدا رۆشتووە. ئەمە وایکردووە کە ئاسۆی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) ناروون بێت و چارەنوسی چارەسەری کردنی گرفتەکان نادیاربێت.


لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین باسی جێکەوتەکانی ریفراندۆمی (٢٥ ئەیلولی ٢٠١٧) هەرێمی کوردستان بکەین لەسەر ناوچە جێناکۆکەکانی پارێزگای دیالە واتە ناوچە کوردستانییەکان.

## باسی سێیەم: دیاریکردنی جوگرافیی ناوچە جێناکۆکەکانی پارێزگای دیالە

ناوچەی لێکۆڵینەوە، ناوچە کوردستانییەکانی پارێزگای دیالەی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، کە لەڕووی کارگێڕییەوە ناحیەی جەلەولا و ناحیەی سەعدییەی سەر بە قەزای خانەقین دەگرێتەوە، لەگەڵ قەزای بەلەدروز کە لەناحیەی ناوەند و ناحیەی مەندلی و ناحیەی قەزانییە پێکهاتووە، هەروەها هەردوو ناحیەی جەبارە و قەرەتەپەی سەربە قەزای کفری دەگرێتەوە،کۆی گشتی رووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکاتە (10250,9)کم2.[xxxi]

لەڕووی جوگرافییەوە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە بەشی رۆژهەڵاتی عێراق و باشوری هەرێمی کوردستانەوە، لە باکورەوە لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان و لەڕۆژهەڵاتەوە بە درێژایی سنوور لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، و لەڕۆژئاواوە لەگەڵ قەزای مقدادیە، هەروەها لەباشوریشەوە لەگەڵ هەردوو قەزای بەدرە و عەزیزیەی سەربە پارێزگای واستدا هاوسنوورە، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢).

نەخشەی ژمارە (٢) شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی هەرێمی کوردستان و عێراق




سەرچاوە/ کاری توێژەر بەپرۆگرامی ((Arc Map GIS 10.8، و بەپشت بەستن بە: 1 ) هاشم یاسین وئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپخانەی تێنووس، چاپی یەکەم، 2009، ل81.

2 ) نەخشەی کارگێری پارێزگای دیالە.

لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە، ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوان دووبازنەی پانی (30 ̎ 04 ̄ 33° - 15 ̎ 46 ̄ 34°)ی باکوور، نێوان دووهێڵی درێژی (30 ̎ 37 ̄ 44° - 25 ̎ 00 ̄ 46°)ی رۆژهەڵات.

ئەم شوێنە جوگرافییەی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەپاڵ سنووری ئەتنۆگرافییەکەی لەنێوان کورد و نیشتەجێبوونی لەباکوور و رۆژهەڵاتی، و لەنێوان ئەو عەرەبانەی بڵاوبوونەتەوە لەڕۆژئاوا و باشووری رۆژئاوای تا ئێستاش دادەنرێت بە یەکێك لەدیارترین ئەو گرفتانەی کە هەیە لەنێوان کورد و حکومەتی ناوەندی، ئەمە سەرباری ئەوەی جوگرافیای بەغدا پاڵی نا بەفشار خستنەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە، لەبەرئەوەی نزیکترین هەرێمی کوردی پێکدەهێنێت لەپایتەخت، بەسەرجدان لە بەعەرەبکردنی ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەوە دەردەکەوێت کە پاڵنەرەکانی بەغدا بۆ بەعەرەبکردنی ناوچەی لێکۆڵینەوە وێکچووی هەمان ئەو پاڵنەرانەن لەکەرکوك، دیارتریێ ئەمانەش دۆزینەوەی نەوتە لەناوچەکەدا[xxxii].

لەڕووی بایەخی ستراتیجییەوە ناوچەی لێکۆڵینەوە بایەخێکی جیۆستراتیجی و سەربازی گرنگی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق بەو پێیەی (193,38)کم سنووری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە و لەسەر سنووری نێودەوڵەتی ئێرانەوە کە سنووری کارگێڕی ناوچەی لێکۆڵینەوەشە بەغدادی پایتەخت تەنها کەمتر لە (150)کم دوورە، بەمەش بە بەردەوامی ئەم ناوچەیە جێگای بایەخی هەردوو حکومەتی عێراق و ئێران بووە، چونکە بەحوکمی شێوەی جیۆپۆلەتیکی عێراق ئەم ناوچەیە وەکو (کەمەرەیەك)ی بەرتەسکی لێهاتووە و کاریگەرییەکەی لە هەر دوو کاتی جەنگ و ئاشتیدا بەدەردەکەوێت.

هەروەها قەزای ناوچەی لێکۆڵینەوە بایەخێکی جیۆئابووری گرنگیشی هەیە بەوەی کە یەکەم بیری نەوت لەهەرێمی کوردستاندا لەم قەزایەدا لێدراوە لەساڵی (1919)دا، و یەکەمین پاڵاوگەی نەوتیش لەعێراقدا لەساڵی (1927) هەر لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بونیادنرا بەناوی پاڵاوگەی ئەڵوەند. لەبواری

بازرگانی و ئابوریشدا ناوچەی لێکۆڵینەوە دەروازەیەکی گرنگی هێڵی ترانزێتە بۆ مامەڵەی بازرگانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان لەلایەك و کۆماری ئێران لەلایەکی تر، هەروەها لەدەروازەی مونزریەشەوە ساڵانە هەزاران گەشتیاری ئێرانی سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی عێراق دەکەن[xxxiii].

## بەشی دووەم: جێکەوتەکانی ریفراندۆم لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە

هەرچەندە رێژەی (٩٢.٧٣%) دەنگدەرانی بەشداربوو بە دەنگدەرانی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستانیشەوە لەریفراندۆمی (٢٥ ئەیلولی ٢٠١٧) بە (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دەنگیاندا؛ بەڵام لەدەرئەنجامدا کار بەئەنجامی ریفراندۆکە نەکرا، نەک هەر ئەوە بەڵکو کۆمەڵێک جێکەوتی گەورەو مەترسیداری بەسەر هەرێمی کوردستان بەگشتیی و ناوچە دابڕێنراوەکان بەتایبەتی هێنا. هەڵبەتە لایەنە نێگەتیڤەکانی ریفراندۆمەکە زۆرن، بەڵام لەم تەوەرەدا دەمانەوێت تەنیا چەختبکەینەوە سەر چەند لایەنێکی گرنگ کە پەیوەندی راستەوخۆی بەسەنگ و بوونی نەتەوایەتییەوە هەیە لەناوچەی لێکۆڵینەوە. هەر یەک لەو لایەنانەش بریتین لە:

### باسی یەکەم: پرسی هەڵبژاردن و دەنگی کورد لەناوچەی لێکۆڵینەوە

جێکەوتێکی بەرچاوی ریفراندۆم لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە کەمبوونەوەی رێژەی دەنگدەرانی کوردە لە ناوچەکە. دواجاریش ئەم کەمبوونەویە کاریگەری هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی ژمارەی کورسییەکانی حزب و لایەنە کوردییەکان لە پارێزگای دیالە. لێرەدا بەتەنیا مەبەست لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نییە؛ بەڵکو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش دەگرێتەوە. لەسەر ئاستی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە تاوەکو ئێستا (٥) خولی هەڵبژاردن بەڕێوەچووە ژمارەی کورسیی و دەنگدەرانی لایەنە کوردییەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەم شێوەیە بووە:

١- لەهەڵبژاردنی (٢٠٠٥/١٢/١٥) کەهاوکات هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگانیش ئەنجامدرا و هەموو عێراق یەک بازنەی هەڵبژاردن بوو لایەنە کوردییەکان بەلیستێکی هاوبەش بەناوی (لیستی کوردستانی) بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کرد و توانیان ( ٦٤،٧٧٠) دەنگ بەدەستبهێنن کە یەکسان بوو بە (3)کورسی پەرلەمانی لەکۆی (١٠) کورسی پەرلەمانی بۆ پارێزگاکە[xxxiv].

٢- لەهەڵبژاردنی خولی دووەمدا کە لە (٢٠١٠/٣/٧)[xxxv] بەڕێوەچوو لیستی (هاوپەیمانی کوردستان) تەنیا یەک کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا لەکۆی (١٣) کورسی پەرلەمانی، و رێژەی دەنگەکانیشی بریتی بوو لە (٤٧،٧٤٩) دەنگ واتە رێژەی (٧%)[xxxvi]ی هەموو دەنگەکانی پارێزگاکەی بەدەستهێنا.

٣- هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی عێراق کە لە (٢٠١٤/٤/٣٠) ئەنجامدرا؛ عێراق لەرەوشێکی سەختی ناسەقامگیری سیاسیی و ئەمنیدا بوو[xxxvii] بەهۆی زیاتربوونی کردەوە تیرۆریستییەکانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش). پارێزگای دیالەش لەبەرئەوەی پارێزگایەکی فرە مەزهەب و فرە نەتەوەیەو هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیشی بەجۆرێکە کە یارمەتیدەری ئەوەبوون ئەو رێکخراوە بەئاسانی بتوانێت ببێتە مایەی ناسەقامیگیریی و شڵەژاندنی ئاسایشی ناوچەکە؛ بەڵام وێرای ئەمە هەڵبژاردنەکە بەسەرکەوتوویی بەڕێوەچوو و حزب و لایەنە کوردییەکان بەلیستی ژمارە (٢٥٨) بەناوی ( لیستی ئاشتی کوردستانی) توانیان نزیکەی (٥٨،٠٤٧)[xxxviii] دەنگ بەدەستبهێنن و دوو کورسی پەرلەمانی مسۆگەر بکەن[xxxix].

٤- هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پارلەمانی عێراق کە لە (٢٠١٨/٥/١٠) [xl] ئەنجامدرا واتە نزیکەی هەشت مانگ دوای ریفراندۆمەکەی (٢٠١٧/٩/٢٥). لەم هەڵبژاردنەدا پەیوەندی نێوان حزب و لایەنە کوردییەکان بەتایبەتی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان) بەهۆی دەرئەنجامە نێگەتیفەکانی ریفراندۆمەکەوە بەرەو ئاڵۆزی چوو و هەماهەنگی نێوانیان بەتەواوەتی کەمبوبەوە. تێکچوونی ئەم پەیوەندییەی نێوان حزب و لایەنە کوردییەکان لەم هەڵبژاردنەدا بەزەقی رەنگیدایەوە. لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (٥) حزبی کوردی بەلیستی جیا بەشداریان کردو بەهەموویان نزیکەی (٤٢،٣٧٩) دەنگیان بەدەست هێنا. لەئەنجامدا تەنها توانیان یەک کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنن ئەویش سەر بە (ی.ن.ک) [xli]بوو.

٥- هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پارلەمانی عێراق لە بەر رۆشنایی یاسایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (٩) ی ساڵی (٢٠٢٠) لە (٢٠٢١/٩/١٠) واتە بەر لەوادەی خۆی بەڕێوەچوو . بەپێی ئەم یاسایە عێراق بەسەر (٨٣) بازنەی هەڵبژاردندا دابەشکرا. پارێزگای دیالە بەسەر چوار بازنەی هەڵبژاردندا دابەشکرا[xlii]. لەم بازنەیەدا بەهەمان شیوە حزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد بەلیستی جیا بەشداریان کرد و بەهەموویانەوە (٣٢،٥٩٥) دەنگیان بەدەستهێنا لەئەنجامیشدا تەنها کاندیدێکی (ی.ن.ک) بە بەدەستهێنانی (٢١،٧٢٢) دەنگ کورسییەکی پەرلەمانی بەدەستهێنا[xliii].

هەرچی پەیوەندی بەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە هەیە کە (4) ساڵ جارێک لەعێراق ئەنجام دەدرێت کورسییەکانی کورد هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن بەرەو کەمبوونەوە رۆیشتووە. لەدوای پرۆسەی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە لەساڵی ٢٠٠٣ تاوەکو ئێستا چوار هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامدراوە. یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (٢٠٠٥/١٢/١٥) ئەنجامدرا. لەم هەڵبژاردنەدا حزب و لایەنە کوردییەکان بەیەک لیست بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای دیالەیان کرد و توانیان (٣٠،٢٦٨) بەدەستبهێنن کە بەرامبەر بوو بە (٧) کورسی لەکۆی (٤١) ئەنجومەنی پارێزگاکە[xliv].

دووەم خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پاریزگاکان کە لە (٢٠٠٩//١/٣١) ئەنجامدرا حزب و لایەنە کوردییەکان بەلیستی (هاوپەیمانی کوردستان) بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کردوو توانیان (٦٢،٢١٩) دەنگ بەدەستبهێنن واتە رێژەی (١٥%) کۆی گشتی دەنگەکانی پارێزگای دیالە و بەمەش (٦) کورسیان لە ئەنجومەنی پارێزگای دیالە بەدەستهێنا[xlv].

سییەم خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پاریزگاکانی عێراق کە لە (٢٠١٣/٤/٢٠) لە (١٢) پاریزگای عێراق ئەنجامدرا ؛ حزب و لایەنە کوردییەکان بەلستی ژمارە (٤٦٩) بەناوی (لیستی برایەتی و پێکەوە ژیان) لەپارێزگای دیالە بەشداریان کرد. لەم هەڵبژاردنەدا حزبە کوردییەکان توانیان (٤٩،٤١٥)[xlvi] دەنگ بەدەستبهێنن لەکۆی (٢٩) کورسی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە کە بەرامبەر بوو بە (٣) کورسی ئەنجومەن.

چوارەمین خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە دەبوایە لە ساڵێ (٢٠١٨) ئەنجام بدرێت بەڵام بەهۆی بارودۆخی عێراق لەدوای جەنگی دژە بە داعش و پێشنیاری هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و سڕکردنی کارەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ ماوەی چوار مانگ[xlvii] لەو کاتەدا وایکرد هەڵبژاردنەکە ئەنجام نەدرێت و دوابخرێت بۆ ساڵانی داهاتوو، لەدواجاردا بڕیاردرا هەڵبژاردنەکە لە (٢٠٢٣/١٢/١٨) ئەنجامبدرێت. لەم هەڵبژاردنەدا حزب و لایەنە کوردییەکان بەلیستی جیا بەشداریان کرد.

هەڵبژاردنی چوارەمی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق جگە لەهەر سێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) یەکەمین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانە دوای ریفراندۆمەکە و پارێزگای کەرکوکیش دەگرێتەوە. لەم هەڵبژاردنەدا؛ ژمارەی کورسییەکانی پارێزگای دیالە بۆ (١٥) کورسی کەمکراوەتەوە کە (٤) کورسیان تەرخانکراوە بۆ کۆتای ژنان[xlviii]، لەهەمان کاتدا حزب و لایەنە کوردییەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەلیستی جیاجیا بەشداریان لەهەڵبژاردنەکەدا کرد. بەجۆرێک (ی.ن.ک) بە (٣٠) کاندید و (پ.د.ک) بە (١٦) کاندیدو حزبی سۆسیالیستیش بە (٤)[xlix].

لەم هەڵبژاردنەدا حزب و لایەنە کوردییەکان توانیان نزیکەی (٣٠،٦٥٢)[l] دەنگ بەدەست بهێنن کە بەرامبەر بوو بە یەک کورسی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە. لیستی ژمارە (١٢٠) (ی.ن.ک) پێش بە بەدەستهێنانی (٢٣٧١٥) دەنگ لەپێشەوەی هەردوو پارتی بەشداربووی هەڵبژاردنەکە لەپارێزگاکە (پ.د.ک) و حزبی سۆسیالیتی کوردستان بوو، تاکە کورسیەکەش بۆ (ی.ن.ک) بوو.

خشتەی ژمارە (١) (خولەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)

| ژ | خولی پەرلەمان | ساڵی | دەنگی کورد | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکەم | ٢٠٠٩-٢٠٠٥ | ٦٤،٧٧٠ | ٣ |
| ٢ | دووەم | ٢٠١٣-٢٠٠٩ | ٤٧،٧٤٩ | ١ |
| ٣ | سێیەم | ٢٠١٨-٢٠١٣ | ٥٨،٠٤٧ | ٢ |
| ٤ | چوارەم | ٢٠٢١-٢٠١٨ | ٤٢،٣٧٩ | ١ |
| | پێنجەم | ٢٠٢١ | ٣٢،٥٩٥ | ١ |

ئەگەر سرنج بدەینە دەنگی کورد لە ناوچە کوردییەکانی پارێزگای دیالە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەبین رێژەکە بەرەو دابەزین هاتووە. لەهەردوو هەڵبژاردنی خولی چوارەم و پێنجەمدا کە هەردوو هەڵبژاردنەکە دوای ریفراندۆمەکە ئەجامدراون دەبینین رێژەی بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەران لەلایەن حزبە کوردیەکانەوە کەمیکردووە بەتایبەتی لەهەڵبژاردنی خولی پێنجەمدا بۆ نزمترین ئاست دابەزیوە. بێگومان دابەزینی ئەم رێژەیەش پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە لێکەوتە نێگەتیڤەکانی ریفراندۆمەکەوە هەبوو کە هێز و دەسەڵاتی کوردی لەو ناوچانە نەمان و پرۆسەی کۆچپێکردن و بەعەربکردن و داگیرکردنی موڵک و ماڵی هاوڵاتیانی کورد لەو ناوچەیە چوەتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە.

خشتەی ژمارە (٢) (خولەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان)

| ژ | خولی ئەنجومەنی پارێزگاکان | ساڵی | دەنگی کورد | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکەم | ٢٠١٠-٢٠٠٥ | ٣٠،٢٢٨ | ٧ |
| ٢ | دووەم | ٢٠١٤-٢٠١٠ | ٦٢،٢١٩ | ٦ |
| ٣ | سێیەم | ٢٠١٣-٢٠٠٩ | ٤٩،٤١٥ | ٣ |
| ٤ | چوارەم | ٢٠١٧-٢٠١٣ | نەکرا | |
| | پێنجەم | ٢٠٢٣ | ٣٠،٦٥٢ | ١ |

لەخشتەی ژمارە (٢) ئەوە رووندەبێتەوە کە دەنگی حزب و لایەنە کوردییەکان لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە بەهەمان شێوەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەرەو کەمبوونەوە رۆیشتووە. ئەگەر سرنج بدەینە ئەنجامەکانی کۆتا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە لە (٢٠٢٣/١٢/١٨) بەرێوەچوو دەبینین کە دەنگی کورد دابەزیووە بۆ (٣٠،٦٥٢) دەنگ بەهەموو لیست و قەوارە کوردییەکانەوە. بە بەراورد بەهەڵبژاردنی پێشوو نزیکەی (١١) هەزار دەنگی کورد لەو ناوچەیە کەمی کردوە. بێگومان هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی دەنگەکانی کورد لەناوچەی لێکۆڵینەوە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە پرۆسەی ریفراندۆمەکەوە هەبوو کە دەرئەنجامێکی نەخوازراوی بۆ دەنگەکانی کورد و بارودۆخی ئەو ناوچەیە هێنایە کایەوە.

## باسی دووەم: بارودۆخی دیموگرافی و پرۆسەی تەعریبی نوێ

ناوچەی لێکۆڵینەوە وەک تەواوی ناوچە کێشە لەسەرەکانی دیکە لەسەر دەستی رژێمە سیاسیە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لەسییەکانی سەدەی رابردووەوە[li] رووبەرووی پرۆسەی بەعەرەبکردن و گۆڕینی باری دیموگرافی بوەتەوە. لەهەر قۆناغێکی مێژوویی ئەو ماوەیەدا بەرێگای جیا و شێوازی جۆراو جۆر پرۆسەکە ئەنجامدراوە. پاساوەکانی ئەو هەڵمەتی بەعەرەبکردنە بارگاوی بووە بە بیرۆکەی دەوڵەتی ناسیۆنالیستی عەرەبی لەعێراق. پرۆسەی بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیموگرافی ناوچەکە لەسەردەمی رژێمی پێشووەی عێراقدا گەیشتە لوتکە. لەقۆناغی دووەمی پرۆسەی بەعەرەبکردندا ناوچەی لێکۆڵینەوە تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەبووە بە بەراورد بەناوچەکانی دیکە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی فرە نەتەوەیی و مەزهەبی تیایدا، ئەمەش رۆڵی گەورەی هەبووە لەوەی ناوچەکە بەرەو کەلتەوری عەرەبی بچێت[lii].

لەراستیدا لێرەدا نامانەوێت ژمارەی دانیشتوان و پێکهاتەی نەتەوەیی لەم ناوچەیەدا بخەینە روو، چونکە لەلایەن زۆرێک لە نوسەران و ئەکادیمییەکانی کوردەوە کتێب و توێژینەوەی لەبارەوە نوسراوە. بەڵکو ئەوەی گرنگە باسکردنی پرۆسەی تەعریبی نوێیە لەناوچەکە کە بەشێوەیەک لەشێوەکان درێژکردنەوەی هەمان پرۆسەی پێشووە لەرووی مەبەست و رەهەندی نەتەوەییەوە.

ناوچەکە لەدوای پرۆسەی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستانەوە رووبەرووی شاڵاوێکی دیکەی پرۆسەی بەعەرەبکردن بووەتەوە. ئەگەر لەسەردەمی رژێمی پێشوودا پرۆسەکە بەشێوەی تاک تاک و تارادەیەک نهێنی لەرێگەی دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت و ئۆرگانەکانی حزبی بەعسەوە ئەنجامدرابێت ئەوا لەئێستادا دەردەکەوێت بەلیست و بەنوسراوی فەرمی پرۆسەکە ئەنجام دەدرێت. تێکچوونی رەوشی ناوچەکە لەدوای هاتنی داعش بۆ ناوی و پاشان رزگارکردنی و دواتریش کشانەوەی هێزی پێشمەرگەو دامەزراوە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێم وایکرد بۆشاییەکی ئەمنی لەناوچەکە دروست بێت بەتایبەتی لەگوندەکانی دەوروبەری قەزای خانەقین و ناحیەی جەلەولا و سەعدییە و قەرەتەپە و جەبارە و مەندەلی.

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی (سالار محمود)[liii] لێپرساوی مەڵبەندی (ی.ن.ک) لەگەرمیان بڵاویکردوەتەوە دەردەکەوێت کە پرۆسەی بەعەرەبکردنی ناوچەکە لەرێگەی دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقەوە بەکۆمەڵ و بەلیست رەگەزنامەی باری شارستانی و فۆرمی دەنگدان و کارتی زانیاری

نیشتەجێبوونیان دەگوازنەوە بۆ ناوچەکە. ئەمە لەکاتێکدایە کە بەپێی مادەی (١٤٠) و بڕیاری لیژنەی ناوچە کێشە لەسەرەکانی عیراق، گواستنەوەی فۆرم و نفوسی دانیشتوان بۆ ئەو ناوچانەی کە دەبێتە هۆی گۆڕینی دیمۆگرافیاو سروشتی شارو دەڤەرەکان قەدەغەیەو ریگە پێنەدراوە.

لەدوای (٢٠١٧/١٠/١٦) تەنیا لە سنوری قەزای خانەقین بە ناحیەکانی جەلەولاو سەعدیەو جەبارەو قەرەتەپەو گوندەکانەوە (٤٢٨٠)[liv] خێزانی کورد شوێنی نیشەجێبوونی خۆیانیان جێهێشتووەو بەرەو شارەکانی هەرێم کۆچیان کردووە. تەنیا لەسنوری مەرکەزی قەزای خانەقیین ٣٦ ئاوایی کورد چۆڵ کراون[lv]. بەپێی ئامارە نافەرمییەکانیش خانەقین سەرووی (٨٠٠) خێزانی عەرەب بوون بە خاوەن زەوی و ماڵی خۆیان و لەسەریان تاپۆکراوە.

بەپێی ئامارێکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی هەرێم دانیشتوانی ناحیەی جەلەولا لەدوای ریفراندۆمەکەوە رێژەی دانیشتوانی ناحیەکە نزیکەی (١٠) هەزار کەس زیادیکردووە، بەڵام زیادکردنەکە زۆربەی هەرە زۆری لەپێکهاتەی نەتەوەی عەرەبن و بەمەش رێژەی کورد لەناحیەکە دابەزیوە بۆ (١٠%) لەکۆی گشتی دانیشتوانی ناحیەکە[lvi].

## باسی سێیەم: کەرتی پەروەردەو خوێندنی باڵا

بێگومان پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان سەقامگیری ئاسایشی سیاسیی و سەربازیی و کەرتی پەروەردەو فێرکردندا هەیە. چەندە ئاسایش بەرقەرار بێت ئەوەندە پەروەردەو فێرکردن بە پرۆسەی پێشکەوتنی ئاسایی خۆیاندا دەچن، بەپێچەوانەوە راستە. یەکێکی تر لە لێکەوتە خراپەکانی ریفراندۆمی (٢٠١٧/٩/٢٥) لەسەر کەرتی پەروەردەو فێرکردن بوو لەناوچەی لێکۆڵینەوە. باڵادەست بوونەوەی سوپای عێراق و حکومەتی فیدراڵی بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوەدا جارێکی دیکە پرسی پەروەردەو فێرکردن بەزمانی کوردی رووبەرووی قەیرانی چەندایەتی و چۆنایەتی بوویەوە.

لەسنوری پەروەردەی خانەقین نزیکەی (٣١) قوتابخانەی بنەڕەتیی و ئامادەیی و پیشەیی و باخچەی منداڵان هەیە کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی خانەقین/ حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەمە جگە لە دوو پەیمانگای پەروەردەیی و سێ کۆلێجی سەر بەزانکۆی گەرمیان. بڕوانە خشتەی ژمارە (٣).

خشتەی ژمارە (٣):پەروەردەو فێرکردن

| ژ | ناوی قوتابخانە- پەیمانگا- کۆلێجی | جۆر | شوێن بەگوێرەی سنور ناوەندی قەزاو ناحیە | ژ. خوێندکار ٢٠١٦-٢٠١٧ | ژ. خوێندکار ٢٠٢٣-٢٠٢٤ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گوڵاڵە | بنەڕەتی | خانقین | ٥٢٠ | ٤٥٧ | |
| ٢ | شەهیدان خانەقین | بنەڕەتی | خانقین | ٤٨٥ | ٣٦٠ | |
| ٣ | سروەی کچأن | بنەڕەتی | خانقین | ٢١٠ | ٩٠ | |
| ٤ | شەنی کچان | بنەڕەتی | خانقین | ١٥٢ | ٧٠ | |
| ٥ | ژیاری کوڕان | بنەڕەتی | خانقین | ٣٢٠ | ١٧٠ | |
| ٦ | تەرزە | بنەڕەتی | خانقین | ١٥٤ | ٥٩ | پۆلی یەکەمی نییە |
| ٧ | پێشڕەو | بنەڕەتی | خانقین | ٣٢٥ | ٢٣٤ | |
| ٨ | سەنگەر | بنەڕەتی | خانقین | ١٨٤ | ١١٤ | |
| ٩ | لەرێ | بنەڕەتی | خانقین | ٢١٤ | ١٥٩ | |
| ١٠ | هیڤی | بنەڕەتی | خانقین | ١٢٦ | ٩٠ | |
| ١١ | ئەرکەوازی | بنەڕەتی | خانقین | ٢٥٤ | ١٣٢ | |
| ١٢ | زیلان | بنەڕەتی | خانقین | ١٤٥ | ٨١ | |
| ١٣ | جەلەولا | بنەڕەتی | جەلەولا | ١٨٦ | ٨٢ | |
| ١٤ | قەرەداغ | بنەڕەتی | خانقین | ١٢٠ | ٨٠ | پۆلی یەکەمی نییە |
| ١٥ | شێرەوەن | بنەڕەتی | خانقین | ١٤٨ | ٥٠ | تەنها تا پۆلی شەشەمی هەیە |
| ١٦ | خۆر | بنەڕەتی | خانقین | ٩٥ | ٣٥ | تەنها تا پۆلی شەشەمی هەیە |
| ١٧ | چیمەن | بنەڕەتی | قەرەتەپە | ٧٨ | ٢٧ | تەنها تا پۆلی حەوتەمی هەیە |
| ١٨ | گاخۆر | بنەڕەتی | قەرەتەپە | ٥٨ | ٤٢ | |
| ١٩ | قامیشەلان | بنەڕەتی | خانقین | ٤٢ | ٢٣ | |
| ٢٠ | شیرین | بنەڕەتی بازنەی (٣) | خانقین | ٧٦ | ٣٩ | |
| ٢١ | دیاکۆ | ئامادەیی | خانەقین | ٧٥٤ | ٥١٣ | |
| ٢٢ | ئەستێرە | ئامادەیی | خانەقین | ٨٥٦ | ٦٠١ | |
| ٢٣ | رێباز | ئامادەیی | جەلەولا | ٧٨ | ٢٥ | |
| ٢٤ | تاقگەی کچان | ئامادەیی | خانەقین | ٣٥٤ | ٢٠٩ | |
| ٢٥ | خۆزگە | باخچە | خانەقین | ٥٤ | ٢٨ | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | ڕەوەند | باخچە | خانەقین | - | ١١٦ | لەدوای ١٦ ئۆکتۆبەر دروستبووە |
| ٢٧ | جەبار فەرمان | باخچە | خانەقین | - | ٣٥ | لەدوای ١٦ ئۆکتۆبەر دروستبووە |
| ٢٨ | زانکۆی گەرمیان | کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان | خانەقین | ١٢٤٣ | ٧١٥ | |
| | | کۆمپیوتەرو تەکنەلۆجیای زانیاری | | - | ١٠٩ | لەدوای ١٦ ئۆکتۆبەر دروستبووە |
| | | پەروەردەی جەستیی و زانستە وەرزشییەکان | | ٢١٩ | ٨٧ | |
| ٢٩ | ئامادەیی پیشەیی خانەقین | | | ٣٢٠ | ٢١٨ | |
| ٣٠ | پەیمانگەی پەروەردەی وەرزشی خانقین | | | ٢٩٥ | ٢٨٥ | |
| ٣١ | پەیمانگای هونەرە جوانەکانی خانەقین | | | ٢١٥ | ١٥٦ | |
| | پەیمانگای داهێنان بۆ زانستی کۆمپیوتەر/ ناحکومی | | | ٢٢٠ | ١١٩ | |

سەرچاوەکان: ١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، ئاماری بڵاونەکراوە (٢٠١٦-٢٠١٧) و (٢٠٢٣-٢٠٢٤).٢- بەڕێوەبەرایەتی تۆماری گشتی زانکۆی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە (٢٠١٦-٢٠١٧) و(٢٠٢٣-٢٠٢٤).

ئەگەر سەرنجی خشتەی ژمارە (٣) بدەین جیاوازییەکی گەورە لەژمارەی خوێندکارانی هەموو ئاستەکانی خوێندن لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەبینین. لەدوای ریفراندۆمەکەوە ساڵ بەساڵ ژمارەی خوێندکارانی خوێندنەگەکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو کەمی رۆیشتووە تەنانەت لەهەندێک خوێندنگەدا پۆلی یەکەمی بنەڕەتی نەماوە یان تەنها چەند خوێندکارێکی هەیە. لە شاری خانەقین کە مەڵبەندی ناوچەی توێژینەوەیە دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە هەیە دانەیەکیان سەر بەحکومەتی فیدراڵی عێراقەو ئەوی تریان سەر بەحکومەتی هەرێمی کوردستانەو سیستەمی خوێندنیش تیایاندا بەتەواوەتی جیاوازە.

لەسەر ئاستی خوێندنگە کوردییەکانی سەر بەحکومەتی فیدراڵی عێراق خوێندنگە دواناوەندییەکان بەبڕیاری وەزارەتی پەروەردەی عێراق داخراون ئەمەش وایکردووە ئەو خوێندکارانەی کە ناوەندی تەواو دەکەن ناچارین بڕۆنە ئەو دواناوەندیيانەی کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی خانەقین/ هەرێمن. لێرەشدا بەهۆی جیاوازی میتۆدی خوێندنەوە بەشێکی زۆری ئەو خوێندکارانە خوێندن بەجێدەهێڵن. لەسەر ئاستی خوێندنی سەرەتایی کە (٢٥) خوێندنگە هەیە کەمتر لە دوو هەزار خوێندکاری سەرەتایی لە خوێندنی کوردی سەر بە حکومەتی فیدراڵ لە 25 خوێندنگەدا دەخوێنن، لە قۆناغی ناوەندیش تەنیا دوو خوێندنگە هەن کە 30 خوێندکاریان هەیە[lvii].

بێگومان فاکتەری زۆر لەپشت کەمبوونەوەی ژمارەی خوێندکارو خوێندنگا کوردییەکانەوە هەیە لەسنوری ناوچەی توێژینەوە لەوانە:

١-ئەو بارودۆخە سیاسیی و ئیداریی و سەربازییەی کە دوای ریفراندۆمەکە هاتە کایەوە. بەشێکی زۆر لەخوێندگە کوردییەکانی ناوچەکە بەهۆی ئاوارەبوون و راگواستنی خێزانە کوردەکانەوە ژمارەی خوێندکاریان زۆر کەمبویەوەو هەندێکیشیان هەر نەمان.

٢- بوونی دوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی لەناو خانەقین کەیەکێکیان سەر بەحکومەتی هەرێمی کوردستانەو ئەوی تریشیان سەر بە حکومەتی فیدراڵییە.

٣- جیاوازی سیستەم ومیتۆدی خوێندن لەو خوێندنگا کوردییانەی کە سەر بەهەردوو پەروەردەکەن، ئەمەش بووتە گرفتێکی گەورە بەتایبەتی دوای داخستنی ئەو خوێندنگا ئامادەییانەی کە سەر بەحکومەتی فیدراڵ بوون[lviii].

٤- جۆری بیرکردنەوەی زۆربەی خێزانە کوردەکانی ناوچەکە بەوەی کە خوێندن بەزمانی عەرەبی باشترە لەخوێندن بەزمانی کوردی، چونکە داهاتووی باشترە. بێگومان ئەمەش بیرکردنەوەیەکی دروست نییە، چونکە خوێندن بەزمانی دایک مافێکی سەرەتایی هەموو نەتەوەیەکە، ئەمە سەرباری ئەوەی پارێزەری شوناس و کەلتووری نەتەوەیە.

٥- قەیرانی دارایی حکومەتی هەرێم کە وایکردووە کەرتی پەروەردە بەتایبەتی لەناوچە دابڕاوەکان ئەوانەی سەر بەحکومەتی هەرێمن لەدۆخێکی سەختدابن و، هۆکارێکیشە بۆ کەمبوونەوەی ژمارەی خوێندکار لەناوچەکە.

بەرای توێژەر هەموو ئەم فاکتەرانەی لەسەرەوە باسکران؛ هیچیان بەقەدەر ریفراندۆمەکە جێکەوتی خراپی لەسەر کەرتی پەروەردە نەبووە لەناوچەی توێژینەوە.

بێگومان لەسەر ئاستی کۆلێج و پەیمانگاکانیش بەهەمان شێوە ژمارەی خوێندکاران بەرێژەیەکی بەرچاو بەرەو کەمبوونەوە رۆشتووە. ئەگەر تەنیا کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکانی سەر بەزانکۆی گەرمیان لەخانەقین بەنمونە وەربگرین دەبینین لەساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) ژمارەی خوێندکارانی (١٢٤٣) خوێندکار بووە، کەچی لەساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) ژمارەکە دابەزیوە بۆ (٧١٥) خوێندکار. هۆکاری کەم بونەوەی ژمارەی خوێندکار لەکۆلێجەکە وەک سەرۆکی زانکۆی گەرمیان دەڵێت دەگەرێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە[lix]:

١- ئەو بارودۆخە سیاسیی و ئیداریی و سەربازییەی کە دوای ریفراندۆمەکە لەناوچە کوردستانییەکانی پارێزگای دیالە هاتە کایەوە وایکردووە خوێندکارانی سنوری شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کە پۆلی دوازدەی ئامادەیی تەواو دەکەن و لەسیستەمی زانکۆلاین زانکۆکان هەلدەبژێرن بەدەگمەن کۆلێجەکانی خانەقین هەڵدەبژێرن، چونکە وادەبین کە خانەقین وەک پێش ریفراندۆمەکە بۆ خویندکاری کورد لەبار نییە.

٢- لەدوای ریفراندۆمەکەوە مامەڵەی وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم لەناوچەکە گۆڕاوە. زانکۆی گەرمیان کە لەساڵی (٢٠١٠)ەوە دامەزراوە سەدان دەرچووی لە خانەقین و ناوچەکانی دیکە دامەزاوە، بەڵام لەدوای ریفراندۆمەکەوە دەرچوانی زانکۆی گەرمیان لەو مافە بێبەشکراون.

٣- کەمبوونەوەی خواست لەسەر بەشەکانی ناو کۆلیجەکانی خانەقین کە سەر بەزانکۆی گەرمیانن، چونکە زۆربەی ئەو بەشانە سەرچاوەیان خوێندکاری دوازدەی ئامادەیی وێژەیین، ئاشکراشە بەهۆی کەمبوونەوەی خواستی دەستی کار لەسەر بەشە وێژەییەکان؛ خوێندکار زۆر بەکەمی روو لەبەشە وێژەییەکان دەکات بۆیە دەبینین ئەمەش هۆکارێکە بۆ کەمبوونەوەی ژمارەی خوێندکار لەو کۆلێجانە.

٤- زەقکردنەوەی پرسی دانپێدانان بەزانکۆی گەرمیان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراقەوە، کە وایکردووە خوێندکار زۆر بەکەمی داواکاری زانکۆلاین پێشکەش بەکۆلێژەکانی خانەقین بکات.

## باسی چوارەم: لایەنی سەربازی


یەکێک لە جێکەوتە هەرە خراپەکانی ریفراندۆم لەسەر ناوچە کوردییەکانی پارێزگای دیالە کشانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو لەناوچەکە. گەڕانەوەی سوپای عێراق و دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی بۆ ناوچەکە بووە هۆی نەمانی یان لاوازبوونی تەواوەتی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم لەناوچەکە. بەهۆی کشانەوەی هێزی پێشمەرگەو ئاسایش ناوچەکە رووبەڕووی شەپۆلێکی دیکەی ناسەقامگیری ئاسایش و تەعریب بوویەوە. لەلایەک بەهۆی دروست بوونی بۆشایی ئەمنی لەو ناوچانەی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی دەستیان بەسەردا گرت گوزەرانی خەڵکی ناوچەکە بەتایبەتی پێکهاتەی نەتەوەی کورد بەرەو خراپتر رۆشت و بەهۆی کردەوەو هەرەشەی تیرۆریستییەوە زۆربەی دانیشتوانی گوندەکانی ناوچەکە شوێنەکانی خۆیان بەجێهێشت، لەلایەکی دیکەوەو لەدەرئەنجامی ئەمە شەپۆلێکی دیکەی تەعریب کردن ناوچەکەی گرتەوە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە.

لەجەنگی دژ بەداعش هێزی پێشمەرگە توانی ناحیەی جەلەولاو قەرەتەپەو سەعدییە لەچنگی داعش رزگار بکات و ئەو شوێنانە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. هێزەکانی پێشمەرگە بەرەو رۆژئاوای شاری خانەقین توانیان تاوەکو بەنداوی حەمرین بچن بەرەو باکوری بەنداوەکەش گەیشتنە ناحیەی قەرەتەپەو تاوەکو گوندی نارین بچن. لەلای باشوریشەوە توانیان تاوەکو نەفتخانە بچن و کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیە بکەن. بوونی بارەگاو هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچەیە بەشێکی زۆری ناوچە کوردستانییەکانی پارێزگای دیالە کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و تارادەیەکی زۆر سیمای تەعریب و داگیرکردنی خاکی کوردان کۆتایی پێهات. ئەو عەرەبانەی کە بە بڕیارەکانی رژێمی پێشووی عێراق هێنراوبوونەوە ناوچەکە دەرکران و ئەو خاک و زەوییانەی دەستییان بەسەرداگرتبوو گەڕێنرایەوە بۆ خاوەنە رەسەنەکانی خۆیان. بێگومان ئەمەش دەرفەتێکی گەورەبوو بۆ ئەوەی سیمای تەعریبکردنی ناوچەکە نەهێڵرێت و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم لەناوچەکە بچەسپێت.

بەڵام دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە ئەو هێزانەی لەوێ بوون هەمووی پاشەکشەی کرد و جارێکی دیکە ناوچەکە کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی. لەباکوری رۆژئاوای ناحیەی قەرەتەپەوە کە گوندی (نارین) دوا بارەگای هێزی پێشمەرگەبوو تاوەکو بازگەی کارێز کە نزیکەی (٩کم) دوورە لەسەنتەری شاری کفرییەوە نزیکەی (٣٣ کم) هێزی پێشمەرگە پاشەکشەی کرد. لە ناحیەی حەمرینیشەوە کە دوا بارەگای هێزی پێشمەرگە لەسەر پردی ناحیەکە بوو تاوەکو گوندی (باوە مەحمود) لەباکوری شاری خانەقین کەدەکاتە نزیکەی (٧٥کم) هێزی پێشمەرگە کشایەوە. لەسنوری ناحیەی گوڵاڵەشەوە هێزەکانی پێشمەرگە تاوەکو خوارووی ناحیەی کوڵەجۆ بەنزیکەی (٣٠کم) کشایەوە[ix].

نەخشەی ژمارە (٣):

سنوری قەڵمڕەوی هێزی پێشمەرگە و ئاسایشی کوردستان لە پێش ودوای (١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧)



سەرچاوە/ کاری توێژەران بەپرۆگرامی ((Arc Map GIS 10.8، و بەپشت بەستن بە: 1 ) هاشم یاسین وئەوانی تر، ئەتلەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپخانەی تێنووس، چاپی یەکەم، 2009، ل81.

2 ) نەخشەی کارگێری پارێزگای دیالە. ٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ لیوا (رشید علی سعید) ناسراو بە حمە رشید توکنی، لە (٢٠٢٤/١/١٤) و عەقید ( جلیل مام فایق، امر فەوجی ٢/ لیوای سێی پیادە. لە ٢٠٢٤/١/٢٢.

لەدەستدانی ئەو ناوچە پانوبەرینە کە دەرئەنجامێکی راستەوخۆی ریفراندۆمەکە بوو؛ لە رووی دەسەڵاتی سەربازیی و لەرووی مەعنەویشەوە بۆ هێزی پێشمەرگە شکستێکی گەورەبوو بەو پێیەی هێزی پێشمەرگە لەشەڕی دژ بەداعشدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنابوو، بەشەهیدبوونی سەدان پێشمەرگە ئەو ناوچانە لەچنگی داعش دەرهێنران. لەسایەی هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش لەو ناوچەیە خێزانە کوردە راگوێزراوەکان توانیان بگەڕێنەوە سەر موڵک و ماڵی خۆیان و لەبەرامبەریشدا عەرەبە هاوردەکان دەرکران. بەڵام لەداوی ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەو کشانەوەی هێزی پێشمەرگەو ئاسایش ناوچەکە دیسانەوە کەوتەوە بەر شەپۆلێکی دیکەی تەعریب و راگواستن و گۆڕینی دیموگرافی بەقازانجی پێکهاتەی عەرەبی. لەرووی ئیداریشەوە زۆربەی پۆستە ئیدارییەکانی قەزای (خانەقین) و ناحیەکانی (جەبارەو قەرەتەپەو جەلەولاو مەندەلی) کە بەدەست کوردەوە بوون لادران و لەشوێنیان عەرەب دانران.

## ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بریتین لە:

١- ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم؛ مافێکی دەستوریی و یاساییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەتایبەتی ئەو کێشانەی پەیوەندی بە رەهەندی نەتەوەیی پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەوە هەیە.

٢- ناوچە کوردستانییەکانی پارێزگای دیالە، وەک سەرجەم ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم نەتوانراوە لەچوارچێوەی مادەی (١٤٠) دەستوری هەمیشەیی عێراقدا چارەسەر بکرێت.

٣- ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە (٢٠١٧/٩/٢٥) هەرچەندە مافێکی سروشتی گەلی کوردە لەعێراق بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی خۆی، بەڵام کاتەکەی گونجاو نەبوو، لەهەمان کاتیشدا لەرووی دەستورییەوە رای جیاوازی لەسەر هەبوو.

٤- ریفراندۆمەکە لەجیاتی هێنانی سەربەخۆی بۆ کوردستان بووە مایەی لەدەستدانی نزیکەی (٥١%) خاکی کوردستان لەماوەیەکی زەمەنی زۆر کورتدا.

٥- ریفراندۆمەکە لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لەپارێزگای دیالە کاریگەری نێگەتیفی لەسەر دەنگی کورد لەناوچەکە هەبوو.

٦- لەسەر ئاستی کەرتی پەروەردەو فێرکردن بووە مایەی کەمبوونەوەی ژمارەی خوێندنگا کوردییەکان لەناوچەکەو، هەروەها کەمبوونەوەی ژمارەی خوێندکاری کورد لەخوێندنگا کوردییەکان.

٧- ریفراندۆمەکە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ دەستپێکردنەوەی شەپۆلێکی نوێی تەعریبی ناحیەو گوندە کوردییەکانی ناوچەکە وگۆڕینی باری دیموگرافی لەقازانجی پێکهاتەی عەرەبی لەعێراق و زیانی پێکهاتەی کورد.

٨- لەرووی دەسەڵاتی سەربازیی وئیدارییەوە زیانێکی زۆری بەرجەستەیی و مەعنەویی لەهێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ئاسایشی کوردستان دا، ئەمە جگە لە لەدەستدانی ئەو پۆستە کارگێڕییانەی کە بەدەست کوردەوبوون لەقەزاو ناحییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

## راسپاردە

١- هەوڵدانی بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی مادەی (١٤٠)ی دەستوری هەمیشەی عێراق لەلایەن نوێنەران و خاوەن پۆستەکانی کورد لەپارلەمان وحکومەتی عێراقی فیدراڵ.

٢- پێداگری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر جێبەجێکردنی مادەکە لەناوچەکە.

٣- یەکخستن و یەکگرتوویی گوتاری سیاسیی حزب و لایەنە کوردییەکان لەمەڕ ئەو ناوچانەو، کارکردن بۆ داڕشتنی پلانێکی ستراتیژی ئەوتۆ کە لەتوانادا هەبێت جێبەجێبکرێت.

٤- رێگری کردن لەگۆڕینی باری دیموگرافی ناوچەکە لەرێگەی نوێنەرانی کوردەوە لە پەرلەمانی عێراق و لێپرسینەوە لە وەزیری ناوخۆی عێراق بەوەی دەسەڵاتی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ گواستنەوەی فۆرمی زانیاریی و باری شارستانی هاوڵاتی عەرەب بۆ ناوچەکە لەکاتێکدا ئەمە پێچەوانەی بڕیارەکانی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠).

٥- دژکۆمێنتکردن و ئەرشیفکردنی هەموو ئەو هەڵسوکەوتە شۆڤینینانەی کەبەرامبەر پێکهاتەی کوردی ناوچەکە دەکرێن لەداگیرکردنی خاک و راگواستن و تەعریبکردنەوە.

٦- گرنگیدان بەلایەنی پەروەردەو فێرکردن لەناوچەکە بەشێوەیەکی تایبەت کەبتوانرێت پرۆسەی خوێندن بەزمانی کوردی لەپەککەوتن بپارێزرێت و پەرەی پێبدرێت.

٧- رەخساندنی دەرفەتی خوێندنی زیاتر لەلایەن وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمەوە بۆ خوێندکارانی ناوچەکەو، کارکردن بۆ دانپێدانان بەزانکۆی گەرمیان کەدامەزراوەیەکی گرنگە بۆ ناوچەکە.

٨- هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگەو ئاسایش بۆ ناوچەکە.

---

(i) برگەی (٢، ٣، ٤، ٥) مادەی (٨٩) ، برگەی (٢، ٣) ی مادەی (٨٩) دوبارەبووەوە. مادەی (٩٠)ی دەستوری دەوڵەتی فیدراڵی سویسرا (١٨٧٤). بڕوانە : ماڵپەڕی زانکۆی (بین) : **Constitution 1874: https://www.servat.unibe.ch/icl/sz01000_.html**

(ii) راغب ماجد الحلو، الاستفتاء الشعبي بين الأنظمة الوضعية والشريعة الاسلامية، الدار الجامعية الجديدة، الاسكندرية، 2005، ص ص ١٠١١.

(iii) صالح جواد كازم و علي غالب العاني، الأنظمة السياسية، دار الحكمة، بغداد، 1991، ص ٢٩.

(iv) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالمنعم محفوظ و نعمان احمد خطيب، مباديء النظم السياسية: دراسة مقارنة، دار الفرقان للنشر والتوزيع، بدون سنة نشر، ص 207. و عبدالغني البسيوني، النظم السياسية، بدون دار نشر، 2008، ص 2019. و حميد حنون خالد، الأنظمة السياسية، مكتبة السنهوري، بغداد، بدون سنة نش، ص 46.

(v) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: راغب ماجد الحلو، مصدر سبق ذكره، ص ص ٢٣٨ ٢٧٤.

[vi] پشتیوان صادق، نحو تأسیس دولة كوردستان، اربیل، 2012، ص 141.
[vii] عصام عطیة، القانون الدولي االعام، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ط3، 1982، ص 197.
[*] زۆرێك بەڵگەنامەو بڕیاری نێودەوڵەتی هەیە كە كەجەختیان لەسەر مافی چارەی خۆنوسین كردووەتەوە لەوانە: ۱ بڕیاری كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان ژمارە (٦٣٧) لە (١٩٦٢/١٢/١٦). هەروەها راگەیاندنی تایبەت بە بەخشینی سەربەخۆی بۆ ئەو وڵات و گەلانەی لەژێر دەستی كۆلۆنیالزمدا بوون كە رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە ساڵی (١٩٦٠) دا ئاوری لێداوەتەوە. هەروەها پەیماننامەی زەریای هێمن لە (١٩٥٤/٩/٨) كە لەهەردوو راگەیاندنی كۆنگرەی (باندوج) لە (١٩٥٥/٤/٢٤) و راگەیاندنی (بەلگراد) بۆ وڵاتانی بێلایەن لە (١٩٦١/٩/٦) و راگەیاندنی كۆنگرەی (قاهرە) بۆ وڵاتانی بێلایەن لە مانگی نۆی ساڵی ١٩٦٤دا ئاماژەی بۆ كراوە. ئەمە جگە لە بڕیاری كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان ژمارە (١٨٠٣) لە ساڵی (١٩٦٢). هەروەها لەمادەی (١) هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە سیاسیی و مەدەنییەكان كە كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكانی بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (٢٢٠٠) لە (١٩٦٦) دەریكردوە. زۆرێك دیكەش هەیە كە جەختیان لەسەر مافی چارەی خۆنوسین كردوەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حسین علی الحبشی، تقریر المصیر، دار الكتب العربی، عدن، ١٩٦٨، ص ١٧. بو بكر خلف، حق تقریر المصیر الثقافی فی الشریعة الاسلامیة والقانون الدولی المعاصر، أطروحة دكتۆرا، جامعة بن یوسف بن خدة، معهد العلوم القانونیة والاداریة، 2010، صص 22 23.
[viii] میثاق الأمم المتحدة (النص الكامل)، متوفر على الموقع الرسمي لمنظمة الأمم المتحدة على شبكة المعلومات الدولیة:
**https://www.un.org/ar/aboutus/uncharter/fulltext**
[ix] ستار نزعل فرحان و میثم حنظل شریف، مشروعیة الانفصال في استفتاء اقلیم كردستان العراق، مجلة القانون للدراسات والابحاث القانونیة، جامعة ذي قار كلیة القانون، الملجلد (١٥) العدد (٢٤)، ٢٠٢٢، ص ٥.
[x]– المصدر نفسه.
[xi] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڤیان احمد محمد وآخرون، استفتاء اقلیم كوردستان ٢٠١٧ ومستقبل العلاقات مع الحكومة الاتحادیة، مجلة كلیة التربیة، جامعة واسط، المجلد (٢) العدد (٣٨)، ٢٠٢٠، ص ص ٥٠٢٥٠٥.
[xii]– مثنى عباس عبدالكاظم المحمد، آلیات الدیمقراطیة شبه المباشرة في الدستور العراقي النافذ: الاستفتاء نموذجا، مجلة رسالة الحقوق، السنة الثانیة عشرة العدد (3)، 2020، ص 336.
[xiii] چەناڵی ئاسمانی كوردستان٢٤ لەسەر یوتیوب: **https://www.youtube.com/watch?v=gtpqsdvXSE&t=89s**
[xiv] بۆ دەقی وتارەكە بەنوسین و وێنەی ڤیدۆیی بڕوانە: ماڵپەڕی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان :
**https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=NA8ToBG8QRk=**
[xv] نتائج استفتاء كردستان العراق.. 92% أیدوا الانفصال: چەناڵی ئاسمانی (العربیة): **https://2u.pw/llS75rM**
[xvi] قرارات وتوصیات مجلس النواب العراق: الجلسة رقم (17) الثلاثاء/ 12 ایلول / 2017. بڕیارەكە لەسەر ماڵپەڕی فەرمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڵاوكراوەتەوە: **https://2u.pw/8Avlgnu**
[xvii] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: قرارات وتوصیات مجلس النواب العراق: الجلسة رقم (22) الاثنین/ 25 ایلول / 2017. بڕیارەكە لەسەر ماڵپەڕی فەرمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڵاوكراوەتەوە: **https://2u.pw/7c7Td5J**
[xviii] بۆ دەقی بڕیارە كە بڕوانە: ماڵپەڕی فەرمی دادگای فیدراڵی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت: **https://www.iraqfsc.iq/krarid/91_fed_2017.pdf**
[xix] بۆ دەقی بڕیارە كە بڕوانە: ماڵپەڕی فەرمی دادگای فیدراڵی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت: **https://www.iraqfsc.iq/krarid/89_fed_2017.pdf**
[xx]بڕوانە: حسن محمد صالح و واثق عبدالكریم محمود، المواقف العراقیة الداخلیة من استفتاء اقلیم كوردستان والآثار المترتبة علیه، مجلة جامعة تكریت للحقوق، السنة (٦) المجلد (٦) العدد (٢) الجزء (٢)، ٢٠٢١، ص ٨٦.
[xxi] محمد احسان، كركوك والمناطق المتنازع علیها في منظور الدستور العراقي، دار المدى للثقافة والنشر، بغداد، ٢٠١٢، ص٩.
[xxii] بڕوانە مادەی (٥) لەیاسای یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی راگوزەری ٢٠٠٤.
[xxiii] للمزید من التفاصیل ینظر: مجموعة الازمات الدولیة/ إعادة احیاء وساطة الامم المتحدة بشأن حدود الداخلیة المتنازع علیها في العراق، تقریر الشرق الأوسط رقم (194) في (14 كانون الأول 2008)، ص 201.
[xxiv] جمهوریة العراق،رئاسة مجلس الوزارء، لجنة تنفیذ المادة (١٤٠) من دستور جمهوریة العراق، مفهوم المناطق المتنازع علیها، على الموقع الالكتروني:
**http://www.com140.com/paper.php?source=akbar&mlf=interpage&sid=4**
[xxv]خلیل اسماعیل محمد، المناطق المتنازع علیها: دراسة في الجغرافیا السیاسیة، مؤسسة موكریان للطباعة والنشر، مطبعة رۆژهەڵات أربیل، 2011، ص 62.
[xxvi]مادەی (٢) لەپرۆژەی دەستوری هەرێمی كوردستان عێراق لەسەر ماڵپەڕی فەرمی وەزارەتی دادی حكومەتی هەرێمی كوردستا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت:
**https://www.yasaii.info/2a/itemlist/category/17yasa.html?start=10**
[xxvii] بۆ بڕیارەكانی لیژنەی مادەی (١٤٠) بڕوانە: القرارات الصادرة عن لجنة تنفیذ المادة 140 من دستور جمهوریة العراق، لەسەر ماڵپەڕی فەرمی لیژنەكە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت: **http://www.com140.com/paper.php?source=akbar&page=9**: آزاد عثمان، مشكلة حدود اقلیم كوردستان الفیدرالي: حقائق ودلائل مواقف ومقاصد الحل الصائب، بحث مقدم الى مؤتمر الفیدرالیة فی العراق: الواقع والمستقبل، الذی عقدته كلیة القانون والسیاسة / جامعة صلاح الدین بالتعاون مع مكتب اقلیم كوردستان للدراسات الفیدرالیة فی (٢٠١٠/٤/٢٨/٢٩) فی اربیل، ص ١٦. جوهر نامق سلم، كورد لەگەمەی دەقە یاسایەكاندا: وردبوونەوە لەدەستوری هەمیشەی عێراق، چاپخانەی ئاراس هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٩٥. مؤسسة الغدیر الثقافیة، المادة (١٤٠) الواقع الدستوری والمشكلات العلمیة: ملفات المتسلسلة تعنی بشأن العراق وقضایاه الاساسیة، الملف الثالث والعشرون، ٢٠٠٩، ص ٢٢. خلیل اسماعیل محمد، دۆزی كورد لەنەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا: پیاچوونەوەو رێكخستن: رشید حسێن، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٤١.
[xxviii] : آزاد عثمان، مشكلة حدود اقلیم كوردستان الفیدرالي، مصدر سبق ذكره، ص 16.
[xxix] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هەنگاوەكانی حكومەتی هەرێم بڕوانە: دەستەی گشتی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، راپۆرتی هەنگاوەكانی جێبەجێكردنی مادەی ١٤٠ دەستوری هەمیشەی عێراق، لەسەر ماڵپەڕی فەرمی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت:
**https://2u.pw/eo7Bgo2**
[xxx] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئازاد عوسمان، مادەی (١٤٠) دەستوری هەمیشەی عێراق: ناوەڕۆكی بنەڕەتی ئەگەرەكانی و ئاسۆی ئایندەی، خانەی موكریانی بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٣٣٣٧.
[xxxi] حكومة اقلیم كوردستان، وزارة شؤون مناطق خارج الاقلیم، تقریر حول التغییرات الاداریة للمناطق المتنازع علیها بضمنها كركوك، ایلول ٢٠٠٧، ص ص ٩٨ ١٠٥.
[xxxii] محمد حسێن خەتی، شوێنی جوگرافی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێم و كاریگەری لەسەر دۆزی كورد لەعێراق، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٧، ل ١٧٠.
[xxxiii] یاسین ئاشور جەوهەر، هێمن نصرالدین محمد امین، فاكتەر و جێكەوتەكانی جینۆسایدی كوردانی فەیلی لەقەزای خانەقین، توێژینەوەی بڵاونەكراوە.
[xxxiv] جمهوریة العراق، مجلس النواب، 2006. **https://archive12.parliament.iq/wpcontent/uploads/2022/06/2006.pdf**
[xxxv] نظام عبدالهادي سوادي، نظرة تاریخیة في الانتخابات العراقیة 19202018، المفوضیة العلیا المستقلة للإنتخابات: ص 23.
[xxxvi] حسن تركي عمیر، النظام الانتخابي في العراق بعد عام 2003: محافظة دیالى انموذجا، مجلة الیرموك، كلیة الیرموك الجامعة، العدد (1)، 2023، ص 89.
[xxxvii] یاسر عبدالحسین، الانتخابات العراقیة ٢٠١٤، قراءة في الخارطة السیاسیة والتوقعات، مركز الشرق الاوسط للدراسات السیاسیة (**ORSAM**)، الرقم 2، نیشان 2014، ص 7.
[xxxviii] المفوضیة العلیا المستقلة للإنتخابات، عدد أصوات جمیع المرشحین في أنتخابات برلمان العراق 2014، ص ٢٧.
[xxxix] المرصد النیابي العراقي: الكیانات: **https://www.miqpm.com/2014/PoliticalEntities.php**
**[xl] Renad Mansour and Christine van den Toorn, The 2018 Iraqi Federal Elections: A Population in Transition? The Middle East Centre, Report | July 2018, P. 9.**
[xli] جمهوریة العراق، المفوضیة العلیا المستقلة للإنتخابات: دائرة العملیات: قسم مركز ادخال البیانات، انتخابات مجلس النواب العراقي 2018: المرشحون الفائزون. على الموقع الرسمي للمفوضة: **https://2u.pw/ScP8RfZ**.
[xlii]بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: یاسین ئاشوور جوهر ودلشاد علي محمود، أثر قانون انتخابات مجلس النواب العراقي رقم (9) لسنة (2020) في تمثیل المناطق المتناز علیها: دراسة تحلیلیة، مجلة الدراسات السیاسیة والأمنیة، المجلد (الرابع) العدد (السابع)، حزیران 2021،

[xliii] بۆ زانیاری دەربارەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق لەپارێزگای دیالە بڕوانە: جمهورية العراق، المفوضية العليا المستقلة للإنتخابات، انتخابات مجلس النواب العراق ٢٠٢٣: النتائج النهائية: اسماء المرشحين الفائزين حسب الدوائر الانتخابية: على الموقع الرسمي للمفوضية:

**https://ihec.iq/result2021/**

[xliv] **http: //www.washingtoninstitute. org / html / newsletterImages / PF81Annexes.pdf.**

[xlv] جمهورية العراق، المفوضية العليا المستقلة للإنتخابات، **IHEC http://www.iheciq.com/ftpar/provinces2009/result/bagdad.pdf**

[xlvi] **Ahmed Ali, Iraqi Provincial Election Results: Final but not Decisive, The Institute for the Study of War (ISW); https://www.iswresearch.org/2013/05/2013iraqupdate19iraqiprovincial.html**

[xlvii] حسن السعيدي، العراق..المفوضية تكشف أسباب تأجيل انتخابات المحافظات: موقع قناة العربية الفضائية: **https://2u.pw/C3OIaob**

[xlviii] عدد مقاعد مجالس المحافظات، قاعدة التشريعات العراقية: **https://2u.pw/VqG7HBi**

[xlix] ديالى تشتت أصوات الكورد في الانتخابات.. 3 قوائم و"كوتا" بالجملة، 20231004، موقع شفق نيوز : **https://2u.pw/0kE6Dmp**

[l] جمهورية العراق، المفوضية العليا المستقلة للإنتخابات، دائرة العمليات وتكنلوجيا المعلومات، شعبة ادارة وتبويب النتائج، 2023 **https://ihec.iq/292392/ file:///C:/Users/yasin/Downloads/diyala.pdf**

[li] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سعد بشير اسكندر، الكرد الفيليون وحزب البعث (١٩٦٣٢٠٠٣)، منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني، السليمانية، ٢٠٠٤، ص ص ٥٨٦٥.

[lii] بۆ قۆناغەکانی بەعەربکردن لەکوردستان بڕوانە: شێخ سديق، پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لەمێژوودا، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری بیری نوێ، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەولێر، ٢٠٠٥، ٢٤٢٦.

[liii] سالار مەحمود، تەعریب لە کەرکوک و خانەقین بەفەرمی و بەلێشاو دەستی پێکردوە، لەسەر ماڵپەڕی تۆڕی میدیایی کەرکوک:

**https://kirkuktv.net/KU/ArticleDetails/199**

[liv] چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ خاتوو (ڕەوا سەلیم) بەرپرسی نوسینگەی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە (٢٠٢٤/١/٩).

[lv] سالار مەحمود، سەرچاوەی پێشوو.

[lvi] هونر حميد، جلولاء. تراجع نسبة السكان الكورد وارتفاع نسبة العرب، روداو ديجتال:

**https://www.rudawarabia.net/arabic/kurdistan/27122022**

[lvii] ليلى احمد، الدراسة الكوردية تودّع خانقين، 20211018. **https://kirkuknow.com/ar/news/66705**

[lviii] چاوپێکەوتن لەگەڵ م. دارا، بەڕێوەبەری پەروەردەی گشتی گەرمیان لە (٢٠٢٤/١/٣).

[lix] چاوپێکەوتن لەگەڵ پ.د. فەرهاد قادر سەرۆکی زانکۆی گەرمیان، لەبەرواری (٢٠٢٤/١/٢٣).

[lx] چاوپێکەوتن لەگەڵ لیوا حمە رشید توکنی، لە (٢٠٢٤/١/١٤) و عەقید ( جليل مام فايق، امر فەوجی ٢/ لیوای سێی پیادە. لە ٢٠٢٤/١/٢٢.

## ليستى سەرچاوەكان


١- ئازاد عوسمان، مادەی (١٤٠) دەستوری هەمیشەی عێراق: ناوەرۆکی- بنەڕەتی- ئەگەرەکانی و ئاسۆی ئایندەی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٢.
٢- جوهر نامق سلم، کورد لەگەمەی دەقە یاسایەکاندا: وردبوونەوە لەدەستوری هەمیشەی عێراق، چاپخانەی ئاراس هەولێر، ٢٠٠٧.
٣- خليل اسماعيل محمد، دۆزی کورد لەنەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا: پیاچوونەوەو ڕێکخستن: رشید حسێن، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.
٤- شێخ سديق، پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لەمێژوودا، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری بیری نوێ، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەولێر، ٢٠٠٥.
٥- محمد حسێن خەتی، شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لەعێراق، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٧.
٦- یاسین ئاشور جەوهەر، هێمن نصرالدين محمد امين، فاکتەر و جێکەوتەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەقەزای خانەقین، توێژینەوەی بڵاونەکراوە.
٧- :حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی گشتی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، ڕوپێوی مەیدان: داتاو زانیاری گشتی ناوچە ناکۆکی لەسەرکان، ٢٠١١.
٨- م. دارا، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان لە (٢٠٢٤/١/٣).
٩- پ.د. فەرهاد قادر ، سەرۆکی زانکۆی گەرمیان، لەبەرواری (٢٠٢٤/١/٢٣).
١٠- لیوا حمە رەشید توکنی، لە (٢٠٢٤/١/١٤)
١١- عەقید ( جليل مام فايق، امر فەوجی ٢/ لیوای سێی پیادە. لە ٢٠٢٤/١/٢٢.
١٢- خاتوو (ڕەوا سەلیم) بەرپرسی نوسینگەی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە (٢٠٢٤/١/٩).
١٣- مادەی (٩٠)ی دەستوری دەوڵەتی فیدراڵی سویسرا (١٨٧٤). بڕوانە : ماڵپەڕی زانکۆی (بین) :
Constitution 1874: https://www.servat.unibe.ch/icl/sz01000_.html
١٤- چەناڵی ئاسمانی کوردستان٢٤ لەسەر یوتیوب:
https://www.youtube.com/watch?v=gtpqs-dvXSE&t=89s
١٥- دەقی وتاری سەرۆکی هەرێم بەنوسین ووێنەی ڤیدۆیی بڕوانە: ماڵپەڕێ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:
https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=NA8ToBG8QRk=
١٦- پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق لەسەر ماڵپەڕی فەرمی وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان:
www.yasaii.info/2a/itemlist/category/17-yasa.html?start=10
١٧- دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ڕاپۆرتی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دەستوری هەمیشەی عێراق، لەسەر ماپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان:
https://2u.pw/eo7Bgo2
١٨- سالار مەحمود، تەعریب لە کەرکوک و خانەقین بەفەرمی و بەلێشاو دەستی پێکردوە، لەسەر ماڵپەڕی تۆڕی میدیایی کەرکوک: https://kirkuktv.net/KU/ArticleDetails/199
١٩- خليل اسماعيل محمد، المناطق المتنازع عليها: دراسة في الجغرافيا السياسية، مؤسسة موكريان للطباعة والنشر، مطبعة روزهةلات أربيل، 2011.
٢٠- حسين على الحبشى، تقرير المصير، دار الكتب العربي، عدن، ١٩٦٨.
٢١- پشتيوان صادق، نحو تأسيس دولة كوردستان، اربيل، 2012.
٢٢- حميد حنون خالد، الأنظمة السياسية، مكتبة السنهوري، بغداد، بدون سنة نشر.
٢٣- حكومة اقليم كوردستان، وزارة شؤون مناطق خارج الاقليم، تقرير حول التغييرات الادارية للمناطق المتنازع عليها بضمنها كركوك، ايلول ٢٠٠٧.
٢٤- راغب ماجد الحلو، الاستفتاء الشعبي بين الأنظمة الوضعية والشريعة الاسلامية، الدار الجامعية الجديدة، الاسكندرية، 2005.
٢٥- سعد بشير اسكندر، الكرد الفيليون وحزب البعث (١٩٦٣-٢٠٠٣)، منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني، السليمانية، ٢٠٠٤.
٢٦- صالح جواد كازم و علي غالب العاني، الأنظمة السياسية، دار الحكمة، بغداد، 1991.
٢٧- عبدالمنعم محفوظ و نعمان احمد خطيب، مبادىء النظم السياسية: دراسة مقارنة، دار الفرقان للنشر والتوزيع، بدون سنة نشر.
٢٨- عصام عطية، القانون الدولي االعام، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ط3، 1982.
٢٩- محمد احسان، كركوك والمناطق المتنازع عليها في منظور الدستور العراقي، دار المدى للثقافة والنشر، بغداد، ٢٠١٢.
٣٠- عبدالغني البسيوني، النظم السياسية، بدون دار نشر، 2008، ص 2019.
٣١- آزاد عثمان، مشكلة حدود اقليم كوردستان الفيدرالي: حقائق ودلائل مواقف ومقاصد الحل الصائب، بحث مقدم الى مؤتمر الفيدرالية فى العراق: الواقع والمستقبل، الذى عقدته كلية القانون والسياسة / جامعة صلاح الدين بالتعاون مع مكتب اقليم كوردستان للدراسات الفيدرالية فى (٢٨-٢٠١٠/٤/٢٩) فى اربيل.
٣٢- بو بكر خلف، حق تقرير المصير الثقافى فى الشريعة الاسلامية والقانون الدولى المعاصر، أطروحة دكتوراه، جامعة بن يوسف بن خدة، معهد العلوم القانونية والادارية، 2010.
٣٣- حسن تركي عمير، النظام الانتخابي في العراق بعد عام 2003: محافظة ديالى انموذجا، مجلة اليرموك، كلية اليرموك الجامعة، العدد (1)، 2023.

٣٤- حسن مجد صالح و واثق عبدالكريم محمود، المواقف العراقية الداخلية من استفتاء اقليم كوردستان والآثار المترتبة عليه، مجلة جامعة تكريت للحقوق، السنة (٦) المجلد (٦) العدد (٢) الجزء (٢)، ٢٠٢١.
٣٥- ستار نزعل فرحان و ميثم حنظل شريف، مشروعية الانفصال في استفتاء اقليم كردستان العراق، مجلة القانون للدراسات والابحاث القانونية، جامعة ذي قار كلية القانون، المجلد (١٥) العدد (٢٤)، ٢٠٢٢.
٣٦- ڤيان احمد مجد و آخرون، استفتاء اقليم كوردستان ٢٠١٧ ومستقبل العلاقات مع الحكومة الاتحادية، مجلة كلية التربية، جامعة واسط، المجلد (٢) العدد (٣٨)، ٢٠٢٠.
٣٧- مثنى عباس عبدالكاظم المحمد، آليات الديمقراطية شبه المباشرة في الدستور العراقي النافذ: الاستفتاء نموذجا، مجلة رسالة الحقوق، السنة الثانية عشرة العدد (3)، 2020.
٣٨- مجموعة الازمات الدولية/ إعادة احياء وساطة الامم المتحدة بشأن حدود الداخلية المتنازع عليها في العراق، تقرير الشرق الأوسط رقم (194) في (14 كانون الأول 2008).
٣٩- مؤسسة الغدير الثقافية، المادة (١٤٠) الواقع الدستوري والمشكلات العلمية: ملفات المتسلسلة تعنى بشأن العراق وقضاياه الاساسية، الملف الثالث والعشرون، ٢٠٠٩.
٤٠- نظام عبدالهادي سوادي، نظرة تاريخية في الانتخابات العراقية 1920-2018)، المفوضية العليا المستقلة للإنتخابات.
٤١- ياسين ئاشوور جوهر ودلشاد علي محمود، أثر قانون انتخابات مجلس النواب العراقي رقم (9) لسنة (2020) في تمثيل المناطق المتنازع عليها: دراسة تحليلية، مجلة الدراسات السياسية والأمنية، المجلد (الرابع) العدد (السابع)، حزيران 2021.
٤٢- المفوضية العليا المستقلة للإنتخابات، عدد أصوات جميع المرشحين في أنتخابات برلمان العراق 2014.
٤٣- ياسر عبدالحسين، الانتخابات العراقية ٢٠١٤، قراءة في الخارطة السياسية والتوقعات، مركز الشرق الاوسط للدراسات السياسية(ORSAM) ، الرقم 2، نيشان 2014.
٤٤- انتخابات مجلس النواب العراق ٢٠٢٣: النتائج النهائية: اسماء المرشحين الفائزين حسب الدوائر الانتخابية: على الموقع الرسمي للمفوضية:
https://ihec.iq/result2021/
٤٥- جمهورية العراق، المفوضية العليا المستقلة للإنتخابات:
IHEC http://www.ihec-iq.com/ftpar/provinces2009/result/bagdad.pdf
٤٦- جمهورية العراق، المفوضية العليا المستقلة للإنتخابات، دائرة العمليات وتكنلوجيا المعلومات، شعبة ادارة وتبويب النتائج، 2023:
https://ihec.iq/29239-2/ file:///C:/Users/yasin/Downloads/diyala.pdf
٤٧- جمهورية العراق، المفوضية العليا المستقلة للإنتخابات: دائرة العمليات: قسم مركز ادخال البيانات، انتخابات مجلس النواب العراقي 2018: المرشحون الفائزون. على الموقع الرسمي للمفوضية:
https://2u.pw/ScP8RfZ
٤٨- جمهورية العراق،رئاسة مجلس الوزراء، لجنة تنفيذ المادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق، مفهوم المناطق المتنازع عليها:
http://www.com140.com/paper.php?source=akbar&mlf=interpage&sid=4
٤٩- جمهورية العراق، مجلس النواب 2006 :
https://archive12.parliament.iq/wp-content/uploads/2022/06/2006.pdf
٥٠- حسن السعيدي، العراق/ المفوضية تكشف أسباب تأجيل انتخابات المحافظات: موقع قناة العربية الفضائية:
https://2u.pw/C3OIaob
٥١- ديالى تشتت أصوات الكورد في الانتخابات.. 3 قوائم و"كوتا" بالجملة، 2023-10-04، موقع شفق نيوز
https://2u.pw/0kE6Dmp
٥٢- عدد مقاعد مجالس المحافظات، قاعدة التشريعات العراقية: https://2u.pw/VqG7HBi
٥٣- ليلى احمد، الدراسة الكوردية تودّع خانقين، 2021-10-18:
https://kirkuknow.com/ar/news/66705
٥٤- قرارات المحكمة الاتحادية العليا العراقية بعدم دستورية استقتاء اقليم كوردستان:
https://www.iraqfsc.iq/krarid/91_fed_2017.pdf
٥٥- قرارات وتوصيات مجلس النواب العراق: الجلسة رقم (22) الاثنين/ 25ايلول/2017:
https://2u.pw/7c7Td5J
٥٦- المرصد النيابي العراقي: الكيانات: https://www.miqpm.com/2014/PoliticalEntities.php
٥٧- القرارات الصادرة عن لجنة تنفيذ المادة 140 من دستور جمهورية العراق:
http://www.com140.com/paper.php?source=akbar&page=9:
٥٨- ميثاق الأمم المتحدة (النص الكامل)، متوفر على الموقع الرسمي لمنظمة الأمم التحدة:
https://www.un.org/ar/about-us/un-charter/full-text
٥٩- هونر حميد، جلولاء. تراجع نسبة السكان الكورد وارتفاع نسبة العرب، روداو ديجتال:
https://www.rudawarabia.net/arabic/kurdistan/27122022
٦٠- نتائج استفتاء كردستان العراق. 92% أيدوا الانفصال: قناة العربية https://2u.pw/llS75rM
٦١ - Renad Mansour and Christine van den Toorn, The 2018 Iraqi Federal Elections: A Population in Transition? The Middle East Centre, Report | July 2018.
٦٢ - Ahmed Ali, Iraqi Provincial Election Results: Final but not Decisive, The Institute for the Study of War (ISW).
https://www.iswresearch.org/2013/05/2013-iraq-update-19-iraqi-provincial.html
٦٣- www.washingtoninstitute. org / html / newsletterImages / PF81Annexes.pdf.